سەرتوێژێک لە کتێبی:

خویاکردنی بیرکردنەوە - دەربارەی فێرکردنێکی بنچەمک[1]

نووسینی: ستێن ئارەڤیک Sten Arevik و ئوڤە هاترزەل Ove Hartzell.

Sten Arevik, Ove Hartzell.

*Att göra tänkande synligt: en bok om begreppsbaserad undervisning*.

Liber 2015.

**ئامانج لە «خویاکردنی بیرکردنەوە»...**

ئامانج بریتییە لە خویاکردنی تاوی زمان لەسەر بیرکردنەوە و هەروەها خویاکردنی ئەوەی لە پەیوەندیی نێوان زمان و بیرکردنەوەدا پەیدا دەبێت و پێویستە لە فێرکاریدا تێچێن بکرێت. مەبەست باسە لە چەمک و چەمکزانیی وەها کە مرۆڤی هۆشمەند بە یارمەتیی دەستاوێژی هێماکارەوە دەیهێنێتە بەرهەم. دەستاوێژی هەرە گرینگیش لێرەدا زمانە، زمانی هەم ئاخافتن و هەم نووسین.

**توانستی بیرکردنەوە**

«توانستی بیرکردنەوە» واتە: بیرکردنەوەی ساختاربەند بۆ سازاندنی[2] ئەزموون،[3] ئاگاداری[4] و زانیار.[5] ئەم توانستگەلە دەستاوێژی زمانەکی و ئاوەزمەندانەن بۆ سازوسەودا لەگەڵ دەوروبەردا. چەمکی «توانستی بیرکردنەوە» هەوڵدانێکە بۆ ناوزەدکردنی بەشێک لەو پێڤاژۆگەلەی[6] سەربە زمان و زاناندن،[7] کە مرۆڤ بۆ سازاندنی ئەزموون و ئاگاداری، دەیانچەرخێنێت. لەم باسەدا، ئەو «توانستانەی بیرکردنەوە» دێنە دیاریکردن و ڕاڤەکردن کە پێویستە فێرخواز لە پرۆسەی فێربووندا پەیدایان بکەن. هەروەها باس لەو هەلومەرجەش دەکرێت کە پێویستە بۆ گەیشتن بەو «توانستانە».

---

1 – بنچەمک: چەمک بکاتە بنەما، لەسەر چەمک هەڵنرابێت. بنچەمک لە وێنەی بندیان و بنجوو هەڵنراوە.

2 – سازاندن: treatment, processing، چارەکردن، ڕێکخستن.

3 – ئەزموون: experience، تەجرەبە.

4 – ئاگاداری: information.

5 – زانیار: knowledge، مەعریفە، زانست و هونەر.

6 – پێڤاژۆ: Process.

7 – زاناندن Cognition، ئەو زانینەی بە تێفکرین، وردبوونەوە، لێکۆڵینەوە، شرۆڤەکاری و... هتد پەیدا دەکرێت نەک زانینی ئاسایی. بۆ «زاناندن» بڕوانە مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە»، سایتی www.mamosta.net.

له فێرکاریدا ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی نێوەڕۆکی بابەت دێنە خویاکردن. لێرەدا سێ ڕەهەندی زانیار، دێنە بەرباس:

- ڕەهەندی چەمکامێزی[8] زانیار - ئاگاداریی ساختاربەند و چەمکامێز، ئاگاداریی جۆرەکی
- ڕەهەندی چەندەکیی زانیار – ئاگاداریی ساختاربەدەر و پەرت، ئاگاداریی چەندەکی
- زانیار لە ئەزموونی بەرهەستەوە[9]

سازاندنی جۆرەکیی زانیار واتە سازاندنێکی وەهای زانیار قووڵایی چەمکامێزی هەبێت. ڤیگۆتسکی Vygotsky دەڵێت:

> «زانیارێک خاوەن قووڵایی چەمکامێز بێت ئەوەیە لە نهۆمێکی ئاگایانەدا لای ئێمە واتادارە. لە بەستێننێکی[10] مەبەستهەڵگردا بوونی هەیە. ئەم زانیارە هەڤبەندیی هەیە لەگەڵ ژیان و ئەزموونی خۆماندا، لەگەڵ ساختار و بەستێنی دیکەی مەبەستهەڵگردا هەڤبەندە. ئەم زانیارە لە بەستێنێکی جڤاکیدا بەردەرکە.[11] ئەم زانیارە لە هەڤبەندی لەتەک چەمک، بۆچوون، بیرۆکە و بیردۆزەی دیکەی پەیوەستدا بەردەرک دەبێت. ئەم زانیارە بە جۆرێک ڕێکخراوە کە ئێمە بتوانین بە کەسانی دیکەی ڕاگەیەنین. زانیاری چەمکامێز تەنها لە سیستەمدا دەبێتە ئاگایانە و ئاگاکرد».[12]

زانیار گەر چەمکامێز نەبێت بە زۆری دەچێتە خانەی «زانیاری ئەزبەرکراو»-ەوە. بنەمای ئەم جۆرە زانیارە بریتییە لەوەی مرۆڤ پێناسەیەکی ئەزبەر کردووە، فێر بووە ئاماژە بە باسێک بکات، بەستەری ساکاری دوور لە قووڵایی لۆژیکانە بناسێت - ئەوەی مرۆڤ فێری بووە بێ ئەوەی تێی بگات و بێ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی واتادار ڕایگەیەنێت. بۆ نموونە دەزانم پایتەختی ئەم وەڵاتە ناوی چییە، بەڵام بە وردی نازانم واتای وەڵات چییە، شار و پایتەخت چین، چ واتایەکی سیاسی و فەرهەنگییان لە پشتە. زۆر کەس دەزانن ئاینیشتاین Albert Einstein خاوەن «بیردۆزەی ڕێژەکارەتی» Theory of relativity یە و هاوکێشەی $E = mc^2$ دارِشتووە، بەڵام کەم کەس وردەکاریی ئەو باسە دەرک دەکەن.

---

8 - چەمکامێز: conceptual، وێناکار، بیردۆزەکی، واتادار. چەمکامێزاندن: conceptualization.

9 - بەرهەست: بەرجەستە، کۆنکرێت. بۆ پێچەوانەی «بەرهەست» بڕوانە «دەرهەست».

10 - بەستێن context، بوار، چێوە، (سیاق-ی عارەبی). بەستێنبەند contextual. بابەتی بەستێنبەند واتە بابەتەکە لە بەستێنی دیاریکراودا سەیر دەکرێت.

11– بەردەرک: understandable, comprehensible، دەکرێت بیزانیت، تێی بگەیت و دەرکی بکەیت، (مفهوم).

12- Vygotsky (1999), p. 226.

## کام زمان؟

زمان ئەو دەستاویژەیە بیرکردنەوەی ئاگایانە و سازاندنی ئاگایانەی زانیار بەرشیان[13] دەکات. مرۆڤ زمان وەک دەستاویژ بەکار دەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی بیری هەم خۆی و هەم کەسانی دیکە. بیر بەو جۆرە بەردەرک دەبن، «چەمکامێز» دەبن. بەڵام ئەم دەستاوێژە زمانەکییە لای هەموان لە یەک ئاستدا نییە، پلەی فراژووتنی سەروژێرە. زمانی چوست لێرەدا بە «زمانی نەبەستراو»، «کۆدی فراژووی زمانەکی» ناودێر کراوە.

«زمانی نەبەستراو» زمانێکی دەرهەست[14] و مەوداگیرە.[15] نەبەستراوەتەوە بەم دەورەبەرە بەرهەستەی ئێستا و ئێرە. ئەمیان جودایە لە «زمانی بەستراو» کە پتر باسی لە گوزەرانی ڕۆژانەیە.

«زمانی بەستراو» توند پەیوەستە بە «فەرهەنگی زمانی زارەکی»یەوە. ئەو فەرهەنگەی لە ڕەوتی مێژوودا بە پاڵەپەستۆی «فەرهەنگی زمانی نووسین» ڕووبەری بەرتەسک بۆتەوە. لە فەرهەنگی زمانی زارەکیدا، ئادگاری وەک بەرهەستاندن،[16] زمانی جەستە و هاوڕایی نێوان ئاخێوەر و بیسەردا بەرچاون. لێرەدا «مەبەست» گرینگە بگاتە کەسی بەرانبەر.

لە فەرهەنگی زمانی نووسیندا، ئادگاری وەک دەرهەستاندن،[17] مەوداگیری و پەیدابوونی دەرفەت بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆری باسێک بە نووسین، خویا دەبن. ئەم فەرهەنگی زمانی نووسینە لە فێرگەدا باڵادەستە و بۆ بەشێک لە فێرخوازان کێشەدارە. فێرخواز هەیە سەر بەم فەرهەنگی نووسینە نییە و توانای گێڕانەوەی باسی دەرهەست، باسی دوورەدەستی لاوازە.

فێرگە و جڤاک داوای زمانی نەبەستراو دەکەن، واتە توانستی بەکارهێنانی چەمکی دەرهەست لە زمانێکدا مەوداگیر بێت لەو بەسەرهاتەی لێی دەدوێت. فێرگە دەبێت هەوڵ بدات چارەیەک بۆ ئەم بەرۆکگیرییە زمانەکییە بدۆزێتەوە. فێرگە دەبێت هەوڵ بدات لایەنە بەهێزەکانی زمانی بەستراو، وەک بەرهەستاندن و زمانی جەستە، لە ڕێی خستنەسەری لایەنە بەهێزەکانی زمانی نەبەستراوەوە، وەک توانستی مەوداگیری، شرۆڤەکاری و دەرهەستاندنی زمانەکی، ڕاهێزێت.

## مامۆستا چۆن دەبێتە یاریدەری فراژووتنی زمانی فێرخواز؟

«بیرنامە» ڕێبازێکی یاریدەرە لەم بوارەدا. مامۆستا دۆزێک ئاڕاستەی فێرخواز دەکات، بە نموونە لە وانەی جڤاکناسیدا دەپرسێت: «بۆچی سزادانی مرۆڤ لە جڤاکی جۆراجۆردا بوونی هەیە؟» فێرخواز پاش پەیجۆری، گفتوگۆی نێوخۆ و ڕامان، بۆچوونی خۆی لە بیرنامەدا تۆمار دەکات. ئەمەش سێ خاڵی یاریدەر:

- فێرخواز فێری هەڵێنجانی پوختەی باس بێت لە نێوەرۆکێکی دیاریکراودا، واتە دۆزینەوەی کرۆکی باس.

---

13- بەرشیان: possible، ئیمکانی هەیە... پێچەوانەی شیانبەدەر impossible.

14 - دەرهەست: abstract، ئەبستراکت، مجاز. بۆ پێچەوانەی «دەرهەست» بڕوانە بەرهەست.

15 - مەودا: distance، مەوداگیری: distancing.

16 - بەرهەستاندن concretization. بڕوانە «بەرهەست». بۆ پێچەوانەی بەرهەستاندن بڕوانە دەرهەستاندن.

17 - دەرهەستاندن abstraction. بڕوانە «دەرهەست». بۆ پێچەوانەی دەرهەستاندن بڕوانە بەرهەستاندن.

- ئەوجا پێشانی بدات کە پەی بە پەیامەکە دەبات، واتە خەریکی ڕاهێنان بێت لەسەر «گوێڕادێرانی چالاک».
- لە کۆتادا فێرخواز پێشانی بدات ئەم وانەیە چ بۆچوونێکی لەلای چاندووە، واتە ڕاهێنان لەسەر ڕامان و هەڵوێست وەرگرتن.

ئەنجامگیری، گوێڕادێرانی چالاک و توانای وەرگرتنی هەڵوێست کارزانییەکی پێویستن بۆ فراژووتنی ئەو شێوازانەی باسیان هات دەربارەی زمان و بیرکردنەوە. فێرخواز لەم «بیرنامە»یەدا پێگەی ئەمڕۆی خۆی دەکاتە سەرشار و بەدەم کۆشینەوە هەڵدەکشێت.

**شادۆزی فێرکاری**

دۆزی هەرە بنەڕەتیی فێرکاری بریتییە لەوەی دونیای ڕاستینە، دونیای دەرەوەی ژووری پۆل، بکاتە بابەتی نێزیکەدەست، بەردەرک و بەرسازە.[18] ئەمە کێشەیە و ڕۆژانە بەرۆکی گشت مامۆستایان دەگرێت. دونیای ئەم سەردەمە، ئەم داکەوتەی[19] ئەمڕۆ ئێمەی تێداین، هێند ئاڵۆزە مرۆڤ ناتوانێت، هەر بەوەندەی بوونی تێیدا هەیە، دەرکی بکات.

ڕووکاری[20] هەمەجۆری ئەم داکەوتەی دەوروبەر دێتە ژووری پۆلەوە و دەستاوێژی سازاندنیان بریتییە لە بیرکردنەوە و دەرهەستاندنی زمانەکیی ئەو بیرکردنەوەیە. ئەم داکەوتەی دەوروبەر تەنها بە دیتن و بیستن، تەنها بە ڕوونووسکردن و ئەزبەرکردن نابێتە بەردەرک. سەلوێ Säljö[21] ی تۆژەری سوێدی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم کێشەیە چەمکی «بەستێنبەنداندن - بەستێنهەڵوەشاندن - بەستێنڤەبەندان»[22] - contextualization - decontextualization - recontextualization بەکار دەهێنێت. دژوارییەکانی لەم شادۆزەدا پەیدا دەبن داوای «توانستی چەمکامێز» دەکەن بۆ دەروەستهاتنی ئەو دەرهەستاندنەی پێویستە، بۆ سازاندنی ڕووکارە جۆراوجۆرەکانی داکەوت، لە پۆلدا.

---

18 - بەرساز: manageable. دەکرێت چارە بکرێت، دەشێت سازی بکەیت و مامەڵەی لەتەک بکەیت.

19 - داکەوت: reality، واقیع (واقع).

20– ڕووکار: aspect، دیو، لایەن، ڕوانگە، گۆشەنیگا.

21- Säljö R. *Lärande i praktiken - Ett sociokulturellt perspektiv.* Stockholm: Prisma.

22– بەستێن: context .

بەستێنبەند: contextual، بابەتی بەستێنبەند واتە بابەتەکە لە بەستێنی دیاریکراودا سەیر دەکرێت.

بەستێنبەنداندن: contextualization.

بەستێنهەڵوەشاندن: decontextualization.

بەستێنڤەبەندان: recontextualization.

## سازاندنی چەمکامێزانەی زانیار

گواستنەوەی فاکت و ناوئاخن لە مامۆستاوە بۆ مێشکی فێرخواز سەر نانێت بە فراژووتنێکی چەمکامێزانەی زانیار. ئەوە تەنها لەبەرگرتنەوەیە.[23] جێهێشتنی بەرپرسایەتیی فراژووتنی زانیار بۆ فێرخواز نابێتە سازاندنێکی چەمکامێزانەی زانیار، هەر دەبێتەوە خەریکبوون لەگەڵ چەندایەتیی زانیار. ئەم دوو جۆرەی فێرکاری بەڕادەیەکی زۆر فێرخواز ناچاری لەبەرگرتنەوە دەکەن نەک تێگەیشتن.

بنەمای ئەو جۆرە فێرکارییانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی دەڵێت تێگەیشتن هەر خۆڕەوت لە ناوئاخنەوە پەیدا دەبێت. بۆ جێهێشتنی بەرپرسایەتیی فێربوونیش دەڵێت مرۆڤ هەر خۆڕسک وەهایە: گەر بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆ، تێگەیشتنی چەمکامێز لە ناخییەوە هەڵدەکشێت. ڤیگۆتسکی بۆچوونی وەها ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت تێگەیشتنی چەمکامێز تەنها لە دیداردا پەیدا دەبێت، دیداری کەسێک کەمتر دەزانێت لەگەڵ کەسێک زیادتر:

> «هەم ئەزموونی پێداگۆگی و هەم تۆژینەوەی بیردۆزەکی ئاشکرایان کردووە کە بەکردەوە فێرکردنی ڕاستەوخۆی چەمک بەرشیان نییە و لە ڕووی پێداگۆگییەوە نەزۆکە. مامۆستایەکی ئەو ڕێبازە دەگرێتە بەر بەگشتی لە فێرکردنی وشەی ڤالا چی دیکە وەدەست ناهێنێت، ئەمە وشەوازییەکی ڕووتە و خەریکی لاساییکردنەوە[24] و زرەوێناندنی[25] بوونی ئەو چەمکانەیە لای زارۆک و لە ڕاستیدا تەنها ڤالایەتی پەنامپۆش دەکات».[26]

## توانستی بیرکردنەوە

مەبەست لە بەکارهێنانی توانستەکانی بیرکردنەوە فەراهەمکردنی دەرفەتە بۆ مامۆستا یارمەتیی فێرخواز بدات ڕووەو «بیرکردنەوەی بەرزەپلە» Higher-Order-Thinking[27]، ڕووەو تێگەیشتنێکی چەمکامێز، ڕووەو شێوازی فرەجۆر لە «بیرکردنەوەی زمانەکی». توانستی بیرکردنەوە دەستاوێژی چەمکامێزن یارمەتیمان دەدەن پەی بەرین بە شاچەمک، نێوەڕۆک و ساختاری بابەت. ڤیگۆتسکی دەڵێت فێرکردنی ئاگایانە دەشێت ببێتە سەرچاوەیەک بۆ فراژووتنی بیرمەندانە.

## نموونەیەک لە چەمکزانی

مامۆستای دین بەنیازە کار لەتەک چەمکسازی بکات کە یەکێکە لە توانستەکانی بیرکردنەوە. مامۆستا چەمکی «ئەفسانە» دەکاتە سەرشار و سێ ڕێچکەی لەپێشە:

- داوا لە فێرخوازان بکات خۆیان، لە ئینتەرنێت و کتێباندا، بکەونە پەیدۆزیی «ئەفسانە» Myth.

---

23– لەبەرگرتنەوە: reproduction، مەبەست لێرەدا کۆپیکردن و زیادکردنی ژمارەی هەمان بابەتە لە مێشکی فێرخوازاندا.

24 – لاساییکردنەوە: imitation.

25 – زرەوێناندن: simulation.

26 Vygotsky (1999), p. 256.

27 – بیرکردنەوەی بەرزەپلە: Higher-Order-Thinking واتا توانستی زاناندن، دەرککردن، پیادەکردن، شرۆڤەکاری، تێکبەستن، نرخاندن، داهێنان... هتد، بەپێچەوانەی «بیرکردنەوەی نزمەپلە» Lower-Order-Thinking، کە دەکاتەوە زانینی ئاسایی و ئەزبەرکردن.

- زۆربەی فێرخواز لە نێو زەریای ئینتەرنێت و کتێباندا تەنها دەمێنن و تەنانەت جیاوازیی ئەفسانەی زمانی ڕۆژانە و ئەفسانەی چەمکی زانستی نابینن.

- ماملۆستا خۆی پێناسەی زانستانەی چەمکی ئەفسانە بە نووسین/گوتن دیاری بکات. «ئەفسانەی دینەکی داستانێکە تێیدا دینی جیاواز تێدەکۆشن دۆزی بوون ڕاڤە بکەن، بۆ نموونە گەردوون و مرۆڤ چۆن پەیدا بوون».
  - ماملۆستا هەوڵ دەدات ئەم چەمکە زانستییە دەرهەستە بە زمانێکی ساکارتر، کەمتر دەرهەست ڕاڤە بکات و جوداشی بکاتەوە لە وشەکەی زمانی ڕۆژانە. ئەمە باشترە لەو تێکەڵییەی لە زۆر سەرچاوەدا دێتە پێش. بەڵام هێشتا ئاستی دەرهەستبوونی چەمکەکە لای زۆربەی فێرخواز، زێدە بەرزە.

- کۆشانێکی پتر ئاگایانە بۆ دارشتنەوەی ئەم چەمکە لەتەک فێرخوازاندا. ماملۆستا دەروازەی نوێ لە دۆزەکە دەکاتەوە: «ئەو دیاردەیە چییە کە ئەم چەمکە خەریکی ڕاڤەکردنیەتی؟»، «مرۆڤی دینناس، ئەو کەسەی خەریکی تۆژینەوەیە لە دین، بە بەکارهێنانی ئەم چەمکە مەبەستی بوو چی تێبگات؟». ماملۆستا بۆ فێرخوازانی ڕوون دەکاتەوە کە مرۆڤ لە دێرزەمانەوە خەریکی ڕامانە لە سەرچاوە، لە مەبەست و لە پەیدابوونی ژیان. نموونەش لە ڕوانگەی دینی جیاوازەوە بۆ فێرخوازان دەهێنێتەوە. ئەوجا ماملۆستا دەپرسێت «دەیسا چ ناوێکی هاوکۆ بدۆزینەوە گشت ئەم داستانانە بگرێتە خۆی کە لە دینی جۆراوجۆردا باس لە سەرچاوە، مەبەست و بوونی مرۆڤ و گەردوون دەکەن؟». فێرخواز بەدەم کار و گفتوگۆی گەلدەستەوە دەگەنە پێناسەی چەمکی ئەفسانە.
  - ئەم ماملۆستایە بە شێوازێکی ئاگایانە و بیرمەندانە واتای چەمکەکەی پێشکەش کرد و لەگەڵ فێرخوازاندا سەرلەنەوێ چەمکی دینەکیی «ئەفسانە» یان دارشتەوە.

ئەمیان نموونەیەک بوو لە چەمکی سەر بە دین، ماملۆستای زمان دەتوانێت چەمکی جێناو بکاتە کەرەستەی باس، لە کیمیادا ئۆکسیژین و نایترۆژین، لە جیۆگرافیادا جۆری چیا، لە مێژوودا زلهێز، لە هونەری نیگارکێشیدا چەمکی ڕوانگە... هتد.

**بانۆڕییەک لە توانستەکانی بیرکردنەوە**

لەم باسەدا یازدە توانستی بیرکردنەوە دابەشکراون بەسەر سێ دەستەدا.[28]

دەستەی یەکەم، توانستی بیرکردنەوەی خاوەن بنەمای پێشزمانەکین. ئەمانە بریتین لە:

1) توانستی سیستەماندن[29] و نەخشدۆزی.[30]

ڕێکخستنی کۆمەڵێک ئاگاداری و فاکتی سەربە بابەتێک لە ساختارێکی دیاریکراودا. دۆزینەوەی نەخش و ئادگاری هاوکۆ لە نێوان بەشەکانی ئەو ئاگاداری و فاکتانەدا بۆ دابەشکردنیان بەگوێرەی سیستەمێکی تایبەت.

بۆ نموونە: مامۆستا، لە وانەی مێژوودا، داوا لە فێرخوازان دەکات هەر یەکەیان ڕووداوێک تۆمار بکات کە لە مێژووی ئەم پێنجسەد ساڵەدا ڕووی داوە. ڕووداوەکان لەسەر تەختی پۆل گرد دەکرێنەوە و ئەوجا بۆ ڕاهێزانی بیرکردنەوەی سەربە سیستەماندن و نەخشدۆزی دەکەوینە ڕێکخستن و دابەشینی ئەو ڕووداوانە بەگوێرەی پێوەری دیاریکراوی وەک سەردەم، بوار، جێ... هتد.

2) توانستی گشتاندن[31] - بۆ فرەواندنی مەودای سوودوەرگرتن لە ئەزموونی خۆ.

بۆ نموونە: بەدەم کارەوە دەربارەی فرانسەی سەردەمی فیودال ئاوڕ بدەینەوە لە هەمان سەردەمی وەڵاتی ژاپۆن و بکەوینە پەیدۆزیی سەرئەنجامی تەریب.

لێرەدا دەبێت کێشەی واتای «گشتاندن» تێبگەین، چی دەڵێت و چی ناڵێت. بۆ نموونە: «تێکڕای نمرەی فێرخوازی گەڕەکە زەنگینەکان بەرزترە لە هی گەڕەکە هەژارەکان». جار هەیە مرۆڤ گشتاندنی وەها ڕەت دەکاتەوە و باریش هەیە پەنا دەباتە بەر ڕەشەگشتاندن (گشتاندنی زێدەڕۆ).

3) توانستی دیتنی ئاکامی بەرشیان لە کارێکی مرۆڤ دەیکات.

بۆ نموونە لە ڕێی کێشەڕێژکردنی ئەو کارەوە: چی ڕوو دەدات گەر گشت مرۆڤی سەر زەوی ڕۆژانە خۆیان بشۆن؟ چی ڕوو دەدات گەر سەرلەبەری مرۆڤایەتی ڕۆژانە گۆشتی سوور بخۆن؟

4) توانستی هەڵوێستگرتنی کەسەکی.

توانای داکۆکییە لە بۆچوونی خۆ بۆ ئەوەی بۆچوونەکان خویا و بەردەست بن بۆ تێڕامانی هەم خۆ و هەم کەسانی دیکە. فێرخواز گەر پرسیاری لێ کرا «چۆنت بیرکردەوە؟» دەبێت فێر بێت چۆن وەڵام دەداتەوە.

---

28 - دەستە: category، پۆل، گرووپ. دەستەبەندی: categorize، دەستەبەندکردن categorization.

29 - سیستەماندن: systematization، ڕێکخستن لە سیستەمدا.

30 - نەخشدۆزی: patterning، دۆزینەوەی نەخشی هاوکۆ، وێنەی گشتی و خەتوخاڵی هاوبەش.

31 - گشتاندن: generalization، سەپاندنی بۆچوونی گشتی بەسەر بەشی جیاوازدا.

5) توانستی بیرکردنەوەی ڕەخنەگر.

فێرخواز توانای هەبێت لە تێکستدا «ڕاڤەکردن»[32] لە «ڕوونکردنەوە»[33] جودا بکاتەوە. توانای هەبێت ئەم سەردەمە و ئایەندە لە ڕوانگەیەکی مێژووکردداا ببینێت.

دەستەی دووهەم، توانستی بیرکردنەوەی خاوەن بنەمای زمانەکیی ئاڵۆز. ئەمانە بریتین لە:

6) توانستی تێگەیشتنی کێشەی ساکاراندنی داکەوت.

تێبگەین لەوەی ئەو چەمک و هێماگەلەی ئێمە بەکاریان دەهێنین بۆ پەیبردن بە دەوروبەر تەنها دەستاوێژن، بۆخۆیان نابنە داکەوتی ڕاستینە. داڕشتنی وێنەیەک لە داکەوت، وێنەیەک لە دونیای ڕاستینە، بۆ نموونە نەخشە بە نیشانەکانییەوە، بە ئاسۆخولەک[34] و ستوونخولەک[35] ـیەوە، بە ژمارەکانییەوە، دەستاوێژە بۆ دەرککردنی دونیای ڕاستینە، دەرکردنی داکەوت، نەخشە خۆی داکەوت نییە.

7) توانستی هۆشگێڕان لە نێوان جووتە لایەنی دەرهەست و بەرهەستدا.

ئەمیان بناخەیە بۆ گشت زاناندنێک. دەشێت سەرەدەری بێت لە سیستەمێکی هەڕەمیی چەمک، بۆ نموونە لە ڕێزماندا. یان پەیبردن بێت بەوەی دەرئەنجامی «بۆچی-پرسیار» دەشێت بەرسڤی هەم بەرهەست و هەم دەرهەست وەربگیرێت، بۆ نموونە منداڵ دەپرسێت «باوەگەورە بۆچی مردووە؟».

8) توانستی پوختاندن و پەیبردن بە پەیامی بابەت.

مرۆڤ دەبێت توانای دەرکردنی سەرلەبەر (گشتە) ی باسی هەبێت و ئەمیش پێشمەرجە بۆ تێگەیشتنی پەیام. بڕی زانیار لەم سەردەمەدا نێزیکەی کۆتابەدەرە، گەر مرۆڤ نەتوانێت سەردەری لە گشتەی باس بکات ناتوانێت سوود لە تێکستی نووسراو وەربگرێت.

9) توانستی بەکارهێنانی چەمک و ڕوانگەی هەمەجۆری زمانەکی وەک دەستاوێژی بیرکردنەوە.

واتە مرۆڤ تێبگات لەوەی، بۆ خویاکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی دیاردەیەک، دەتوانێت چەمک و ڕوانگەی جۆراوجۆر بکاتە دەستاوێژ.

---

32 – ڕاڤەکردن: description، باسکردن، شیکردنەوە.

33 – ڕوونکردنەوە: explanation.

34 – ئاسۆخولەک: Latitude (parallels)، هێڵی خەیاڵکردی ئاسۆبارە بە دەوری نەخشەی گۆی زەویدا، لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا، دەکێشرێت.

35 – ستوونخولەک: Longitude، هێڵی خەیاڵکردی ستوونبارە بە دەوری نەخشەی گۆی زەویدا، لە باکوورەوە بۆ باشوور، دەکێشرێت.

10) توانستی ڕوانگەگۆڕکێ لە جێگە و کاتدا.

واتە مرۆڤ بتوانێت خۆی بخاتە دونیای کەسی دیکەوە، بۆ نموونە هەوڵ بدات لە ڕوانگەی کەسێکی موسڵمانەوە سەیری دەوروبەر بکات بۆ ئەوەی پەی بەرێت بە بیر و ڕەفتاری مرۆڤی موسڵمان. یان هەوڵ بدات ڕوانگەی دایکێکی سەدەی هەڤدەمی وەڵاتێکی دیاریکراو بگرێت. مەبەست ئەوە نییە دید و ڕەفتاری کەسانی دیکە بێتە سەلماندن، مەبەست ڕەچاوگرتنی هەلومەرجی کات و شوێنە.

دەستەی سێهەم، بریتییە لە:

11) توانستی پەژراندنی چەمکی نوێ.

ئەم توانستە بنەمایە بۆ فراژووتنی بیرکردنەوە، ساختار بە بیرکردنەوە دەبەخشێت و هەڵی دەکشێنێت. چەمک یاریدەرە بۆ چالاکاندنی زانیاری خامۆش. بۆ نموونە چەمکی «هۆکاری بەرهەمهێنان» لە بواری «ئابووریی جڤاکی»ـدا (کە دەبێتە چەمکێکی سەردەست بۆ چەمکی دیکەی وەک «هێزی کار»، «سەرمایەی جێگیر»[36] و «سەرچاوەی سروشتی»)، دەرفەت بۆ فێرخواز فەراهەم دەکات بکەونە گفتوگۆ دەربارەی سەرچاوە، بەکاربردنی دەرامەد و مەبەست لە ئابووری.

**وردەکاریی توانستەکانی بیرکردنەوە**

ئەم توانستانەی بیرکردنەوە کراونەتە سێ دەستە. یەکەمیان ئەو توانستانەن کە پەیوەستی پێڤاژۆی خۆرسکی هزرین، واتە پێڤاژۆی پێشزمانەکی، ئەمانە ساختاری هزریی خۆڕسک دەکەنە بنەما. دەستەی دووهەم توانستی یازدەهەمیش سەربە دەستەی دووهەمە بەڵام لەبەر ئەوەی لەوانەی دیکە باڵاترە، لە دەستەی سەربەخۆدا جودا کراوەتەوە. ئەوە توانستی داڕشتنی چەمک و زماناندنی چەمکە لای مرۆڤ دەرفەتی بیرکردنەوەی ئاگایانەی زمانەکی دەڕەخسێنێت.

ڤیگۆتسکی دەڵێت بیرکردنەوە و زمان دوو سەرچاوەی جودایان هەیە. سەرچاوەی بیرکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەردا، بۆ زیندوومان[37] و پەلەی ژیان. سەرچاوەی زمان دەگەڕێتەوە بۆ پێویستیی جڤاکی و سۆزەکیی مرۆڤ.

مرۆڤ بەر لەوەی بەرکەوتی لەگەڵ وشە هەبێت، هۆش و توانای بیرکردنەوەی هەیە، بەڵام کە ئەم بەرکەوتە پەیدا دەبێت ئەوجا ئادگاری بیرکردنەوە دێتە گۆڕین. لەوەودوا چی دی بیرکردنەوە نابێتە ڕەنگدانەوەیەکی کوتومتی داکەوت لە ڕێی هەستەوەرەکانەوە، بەڵکوو بە یارمەتیی واتای وشە، دەبێتە ڕەنگدانەوەیەکی گشتێنراوی داکەوت. مرۆڤ ئەوجا، بە یارمەتیی گشتاندنێکی وشە دەیبەخشێت، بیر دەکاتەوە و بەو جۆرەش مەودا دەگرێت لەو داکەوتەی بیری لێ دەکاتەوە. ڤیگۆتسکی دەڵێت:

---

36 - سەرمایەی جێگیر: fixed capital.

37 - زیندوومان: survive.

«هەرە گرینگترینی ئێمە دەیزانین دەربارەی فراژووتنی بیرکردنەوە و زمان لای زارۆک، ئەویە کە ئەو ڕێچکانەی فراژووتن، کە زووتر ڕەوتیان جودا بوو، لە کاتێکی تایبەتدا، نێزیکەی تەمەنی دوو ساڵان، یەکانگیر دەبەن و لەوەودوا ویکرا ڕێ دەکەن و دەبنە مایەی شێوازێکی تەواو نوێی ڕەوشت، کە تایبەتە بە مرۆڤ».[38]

**دەستەی یەکەم، توانستی بیرکردنەوەی خاوەن بنەمای پێشزمانەکی (5-1)**

مرۆڤ بەر لە گەیشتن بە توانای زمانی زارەکی، یادەوەریی[39] هەیە و ئەزموون پەیدا دەکات. ئەم یادەوەرییانە کوتومت و ڕاستەوخۆن، لە پێنج هەستەوەرەکانەوە وەردەگیرێن و کاریگەریی بەهێزیان هەیە هەم دەستپێک و هەم ئایەندە.

پێنج هەستەوەرەکان بەشی تێکبەستەن لە نێو مرۆڤی ژینوەردا و ئەوەی دەستبەجێ لەو هەستەوەرانەوە بە مرۆڤ دەگات دەستبەجێ دەبێتە بەشێکی تێکبەستەی ئەو مرۆڤە - ئەمە جودایە لەو ئەزموونە هێماکارەی[40] وێنە، وشە و ژمارە دەیبەخشن، ئەوانە هێمان و مرۆڤ دەبێت لە ڕێی زمانەوە سازوسەودایان لەتەک بکات بەر لەوەی لێکبدرێنەوە و بکرێنە بابەتی بەردەک. پاش ئەم فراژووتنە زمانەکییە ئەوجا ئەزموونی هێماکاریش تێکدەبسترێن و دەبنە بەشێک لە مرۆڤ.

بوون و نەبوونی یادەوەری و ئەزموونی ڕاستەوخۆ لای مرۆڤ، کاریگەریی مەزنی هەیە لەسەر بیرکردنەوە و بەکارهێنانی ساختاری هزری. ئەم باسە هەم نهۆمی پێشزمانەکی دەگرێتەوە و هەم نهۆمی ئاگایانەی زمانەکی. مرۆڤ هەر دایکزا پێشمەرجی هزریی هەیە بۆ سازاندنی ئەو یادەوەری و ئەزموونگەلە. ئەوجا زمانی زارەکی دێتە پەنا و دەبێتە دەستاوێژێکی دیکە بۆ سازاندنی دەوروبەر. پەیدابوونی توانستی زمانەکی نابێتە مایەی خامۆشبوونی توانای سازاندنی یادەوەری و ئەزموونگەلی پێشزمانەکی، ئەمانە هەر دەمێنن و دەبنە هاندەر بۆ، یان ڕێبەست لە، سازاندنی زمانەکیی دەوروبەر.

ساختاری هزریی پێشزمانەکی پاش گەشەکردنی زمانیش لای مرۆڤ هەر دەمێنن و پەیوەندیی پتەو لە نێوان هەردوو جۆرە توانستدا پەیدا دەبێت. توانستگەلی زمانەکی هێز و تین لە توانستگەلی پێشزمانەکییەوە دەگرن. لەبەر ئەوەشە فێرگە دەبێت کار لەتەک هەردوو جۆریان بکات، هەم پێشزمانەکی و هەم زمانەکی.

زارۆکی بچووک دەتوانێت دەورەبەر «ساختاربەند» بکات، دایک لە کەسی دیکەی نا-دایک جودا بکاتەوە، «نەخش» لە دەوروبەری خۆیدا ببینێت و بناسێتەوە، بە گوێرەی بنەمای جۆراجۆر کاڵا «پۆلێن» بکات. زارۆک فێر دەبێت کە ڕەفتاری جیاواز ڕەنگدانەوەی جیاواز لای دەوروبەر پەیدا دەکات، کەواتە ڕەفتاری جیاواز «ئاکام»ی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. ئەوە تەنها کورتهێنانی توانستی بزاوتن[41] نییە زارۆک خواردن و خواردنەوە

38 Vygotsky (1981), (1999).

39 - یادەوەری: experience، لە زمانەکانی سکاندیناڤیادا چەمکی upplevelse هەیە بۆ بەسەرهات و سەربوردەی تایبەت، خۆش یان ناخۆش، کە دەبنە یادەوەری و ئەزموون و لە هۆش و دەروونی مرۆڤدا جێگیر دەبن. لێرەدا یادەوەری بەرانبەر دانراوە هەتا چەمکێکی باشتر پەیدا دەبێت.

40 - هێما: symbol، هێماکار: symbolic.

41 - توانستی بزاوتن: motor skills.

دەڕێژێت. بەشێکی پەیوەستە بە «ساختاربەندی» و «گشتاندن»ی ئەزموونەکانی خۆی و ئاکامی ئەو ئەزموونانە. ئەو پەندەی دەڵێت: «زارۆکی داچزاو لە ئاگر بەپەرێزە» جۆرێکە لە گشتاندن.

جەختکردنی فێرگە لەسەر هەردوو جۆری ساختاری هزری، هەم پێشزمانەکی و هەم زمانکی دەبێتە کۆشانێک بۆ تێکبەستنی ئەو ساختارە هزرییە مرۆڤکردە مێژووکردە لەتەک ئەو پێویستە دایکزایە و توانستە خۆڕسکە دایکزایەی مرۆڤ هەیەتی بۆ ساختاردۆزی.

1) توانستی سیستەماندن و نەخشدۆزی

لە بواری سیستەماندن و نەخشدۆزیدا ئەریستۆ (ئەریستۆتەلیس Aristotle) دەبێتە پێشەنگی مەزن و بناخەڕێژی هزری خۆراوا. ئەو هزرەی خەریکی ساختار، سازمان، دابەشین و دەستەبەندییە. لەم بوارەدا سوێدیش شاناوی خۆی هەیە: کارل فۆن لیننێ Carl von Linné.

مرۆڤ بۆ دەرککردنی بابەت و دیاردەی هەمەجۆر لە دەوروبەردا نەخشی تایبەت دەگرێتە بەر. مرۆڤ دەکەوێتە ساختاربەندی، دەستەبەندی و جوداکردنەوە، خەریکی دۆزینەوەی نەخشی هاوکۆ دەبێت - نەخشدۆزی... دەشێت ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بە «بیرکردنەوەی ساختاردۆز» ناودێر بکەین.

ڤیگۆتسکی، بەدەم ڕاڤەکردنی فراژووتنی چەمکزانیی لای زارۆک، هێزی ئەم پێڤاژۆی ساختاردۆزی و نەخشدۆزییە ڕوون دەکاتەوە. زارۆک لە سەرەتادا دەوروبەر لە چەمکی کاتیدا گیر دەکات و پاشان دەرباز دەبێت بۆ ڕێکخستنی چەمکی ئاڵۆز لە ساختاری پتر دامەزراوی چەمکدا. ئەوجا بەدەم کاتەوە، ئەم چەمکە ئاڵۆزانە، زیادتر و زیادتر، وێکچووی چەمکی مرۆڤکردی پەژرێنراو دەبن.

ئێمە دەبێت ئاگاداربین لەوەی ئەم ساختارگەلە مرۆڤکردەی زانیار و تێگەیشتن، بەڕادەیەکی زۆر کاریگەر و بڕیاردەرە لەوەی مرۆڤ چۆن پەی بە دەوروبەر دەبات. ئەمانە بناخەی جیهانبینیی ئێمە دادەڕێژن. ئەم ساختارگەلە مرۆڤکردە داوستاو نین، بەدەم کاتەوە دێنە گۆڕین، بەڵام هەر هەن. مێژووی مرۆڤایەتی چەندین ساختاری جڤاکیی جۆراجۆری هێناوەتە بەرهەم، بەشێک لە کارکردیان ڕاگرتنی شیرازەی گوزەران بووە. لەوە دەچێت پێویستیی ساختاربەندکردنی گوزەران لای مرۆڤ، پێویستییەکی جێگیر و داوەستاو بێت، بەڵام ئاشکرایە کە شێواز و جۆری دەربڕین لەو پێویستییە بەرگۆڕە (دێتە گۆڕین).

نموونەی کاری پۆل: مامۆستا پەنجا وشە دیاری دەکات و داوا لە فێرخواز دەکات بە پێ پێوەرێکی بڕیاردەی خۆیان ئەم وشانە پۆلێن بکەن. بۆ نموونە: پیتی یەکەم، ژمارەی پیت، ژمارەی بڕگە. یان جوداکردنەوەی «وشەی کردن» (بۆ نموونە: بارکردن، ڕاکردن، سازکردن) و «وشەی کەلوپەل» (بۆ نموونە: پێنووس، کاخەز، کتێب). بەم کارە دەستەبەندی و پۆلێنی فرەجۆر دێنە بەرهەم. پاش گفتوگۆی نێو پۆل، مامۆستا ئاڕاستەیان دەکات بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە نێوان بیرکردنەوە و جوداکردنەوەی خۆڕسکانەی خۆیان لە لایەک و پۆلێنی فەرهەنگزا و زانیاربێژ - کە لێرەدا دەکاتەوە «جۆری وشە» - لە لایەک. گرینگە مامۆستا بۆ فێرخوازانی ڕوون بکاتەوە کە ئەم دابەشینە فەرهەنگییە دامەزراوە، ڕێکەوتنە، پێکهاتنە، بڕیارە و دەشێت بێتە گۆڕین. زانینی ئەم

ڕاستییە دەبێتە یاریدەر بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری وەک: «تۆ دەڵێیت ئۆسیانا[42] (ئۆکیانووسیا) کیشوەرە[43] بەڵام باوکم دەڵێت ئاوستورالیا کیشوەرە».

2) توانستی گشتاندن

گشتاندنیش وەک توانست ڕیشەی پێشزمانەکی هەیە. زارۆکی بچووک بۆ ئەوەی باشتر لەتەک دەوروبەردا هەڵ بکات پەنا دەباتە بەر گشتاندنی ئەزموون و یادەوەریی خۆی. زارۆک دەتوانێت سوود لە ئەزموونی زووتر وەربگرێت. بەڵام بەشێک لەو ئەزموونگەلە بەراییە پێشزمانەکییە ناکۆژێنەوە و هەر دەمێنن، دەبنە جۆرێک لە «زێدەگشتاندنی پێشزمانەکی».

ئەزموونی پێشزمانەکی هەر دەمێنن و لە زۆر ڕووەوە بەهێزتر لەو ئەزموونگەلە زمانەکییەی پاشان مرۆڤ تووشیان دێت، تێکبەستەی مرۆڤ دەبن. ئەزموونگەلی پێشزمانەکی ڕاستەوخۆ لە پێنج هەستەوەرەکەوە دێنە هەناومان، هەرچی زمانەکییە لە ڕێی هێماوە، لە ڕێی وشە، وێنە و ژمارەوە پێمان دەگەن. ئەم بەشەی داکەوت کە هێماکردە، دەبێتە ئەزموونی دوورەدەست، هێماکان دەکەونە نێوان ئێمە و داکەوتەوە. ئەم کێشەکارییەی لە ئەزموونی پێشزمانەکییەوە پەیدا دەبێت، لە دەروونشیکاریدا[44] بە یارمەتیی چەمکی «ئاگایی»[45] و «نەست / ئاگایی ون»[46] دێتە بەرباس. «زێدەگشتاندن»ی پێشزمانەکی لامان ماوە و کاریگەری لەسەر نەستمان هەیە.

توانستی گشتاندن پێشمەرجێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت ئاگایانە و زمانەکییانە خەریکی زانیار و ئەزموون بێت. تەنانەت دەربڕینە هەرە ساکارەکانی زمانەکی، وەک درەخت، خانوو، دووچەرخە لە ڕاستیدا لە ڕووی زمانەوە، دەرهەستاندنن. فێرکاری دەبێت جەخت لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەم هەڤبەندییە بکات بۆ ئەوەی فێرخواز لێی بەئاگا بن. مامۆستا داوا لە فێرخوازان دەکات هەر یەکەیان بیر لە «درەخت»ێک بکاتەوە. پاش ماوەیەک لە گفتوگۆی نێو پۆل ڕوون دەبێتەوە کە گشت پۆلەکە بیر لە هەمان درەخت ناکاتەوە، هەر فێرخوازێک بیر لە درەختێکی تایبەت بە خۆی دەکاتەوە. فێرخواز تێدەگەن لەوەی چەمکی درەخت ژمارەیەکی نێزیکە ناکۆتای درەخت دەگرێتەوە و مرۆڤ خۆی، لە ڕێی ئەزموونی خۆیەوە، درەختی خۆی لە هۆشی خۆیدا دەئافرێنێت.

---

42 – ئۆسیانیا: Oceania، ئۆکیانووسیا.

43 – کیشوەر: Continent، پارزەمین. لە زمانی سوێدیدا دوو چەمکی جیاواز هەیە، یەکەم världsdel مەبەست لێی پارچە زەمینی وەها هەم لە ڕووی فەرهەنگ و مێژووەوە و هەم لە ڕووی جیوگرافییەوە جودان. ئەمیان مرۆڤکردە و لەوانەیە «کیشوەر»-ی بۆ باش بێت. دووهەمیان kontinent و مەبەست لێی پارچە زەمینی تەنها لە ڕووی جیوگرافییەوە جودا. ئەمیان سروشتکردە و لەوانەیە «پارزەمین» ی بۆ باش بێت. لە ئینگلیزیدا بۆ هەردووکیان تەنها Continent هەیە.
بۆ نموونە: ئاسیا و ئەورووپا دوو کیشوەری جودان بەڵام یەک پارزەمینن و پێی دەگوترێت ئەوراسیا Eurasia، چونکە لە ڕووی جیوگرافییەوە تێکبەستەن.

44 – دەروونشیکاری: Psychoanalysis.

45 – ئاگایی: Conscious.

46 – نەست: Unconscious، هۆشی ون، ئاگایی ون.

مامۆستا بە کاری وەها دەتوانێت دەرفەت بداتە فێرخواز هەڤبەندیی نێوان هێمای زمانەکی و داکەوت پێشان بدەن و تێبگەن کە هێمای زمانەکی بریتییە لە پێکهاتن. ئا لێرەدا هەم هێز و هەم لاوازیی سازاندنی زمانەکی بۆ فێرخواز خویا دەبێت.

مرۆڤ لە گشتاندندا دەبێت توانا بێت خاڵی یەکتا[47] لە خاڵی گشتی جودا بکاتەوە، بزانێت ئەو گشتاندنە چی دەڵێت و چی ناڵێت. فێرخواز بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە ئەزموونی کەسەکیی تایبەتی خۆیان، بۆ نموونە لە باسی درەختدا، مەرج نییە هاوکۆی هەموو پۆلەکە بێت بەڵام وێڕای ئەوەش لایەنی هاوکۆ هەن لەو چەمکەدا گرد دەبنەوە.

لەم سەردەمەدا مەیلێکی باو هەیە بۆ جەختکردن لەسەر لایەنی یەکتایی و پشتکردنە گشتایەتی. ئەمەش زۆر سەیر نییە چونکە لە ڕاستیدا هەموو کەسێک بۆ خۆی یەکتایە. لەوەش دەچێت ئەم دیاردەیە بەرتەکێکی پۆستمۆدێرنانە بێت بەرانبەر زانیاربینی سەربە پرۆژەی هاوچەرخاندن (مۆدێرنیتێ) کە ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری. سازاندنی زانیار چی بەسەر دێت گەر یەکتایی جێی گشتایەتی بگرێتەوە، یان سۆزایەتی و سۆسەگری[48] بەرانبەر بیرکردنەوەی هۆشەکی ڕاگیرێن. ڕاستە مرۆڤ بەرتاوی سۆزایەتی و سۆسەگرییە، ڕمەک و هەڵپە[49] دبنە هاندەری ڕەفتاری وی بەڵام پرۆژەی فەرهەنگیی مرۆڤ داوای هۆشمەندی و ئاوەزمەندییش دەکەن. ئەندامی نوێ کە دێتە جڤاکەوە، بۆ هەڵکردن لەتەک پرۆژەی فەرهەنگیدا کە ڕێک دەکاتەوە جڤاک، ناچارە خەریکی فراژووتنی توانستی بیرکردنەوەی هۆشەکی و ڕەخنەگر بێت.

مێژوو نموونەی زۆرە لە دەرهاویشتەی دۆخێکی هۆش و ئاوەز تێیدا مەیدان بۆ سۆز و هەڵپە چۆڵ بکەن. پۆل دەبێت دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ کۆبوونەوەی هەست، سۆز، ڕەمەک و هەڵپە لەگەڵ پێویستیی فەرهەنگیی مرۆڤ بۆ هۆش و ئاوەز. جڤکاسازی خەباتە لە نێوان هۆشەکی و ناهۆشەکیدا. هەردوو لایەنیش دەبێت لە پۆلدا جێگەیان هەبێت. لە وانەی دیندا بۆ نموونە دەکرێت باس لە خاڵە یەکتایەکانی دینێکی تایبەت بکەیت، بەڵام دەشکرێت بکەوینە پەیدۆزیی هاوشێوە و هاوجۆری ئەو تایبەتمەندییانە لای دینی دیکە، بەوەش لایەنی گشتاندن بەسەر دەکەینەوە.

ڤیگۆتسکی دەڵێت دۆزینەوەی وێکچوون بەرۆکگیرییەکی هۆشەکیی سەختترە لە دۆزینەوەی جوداوازی - مرۆڤ جوداوازی هاسانتر دەبینێت وەک لە وێکچوون. زارۆک زووتر دەرک بە جوداوازی دەکەن و درەنگتر بە وێکچوون. ڕاڤەی بیردۆزەکی ئەم دیاردەیە دەڵێت هەڤبەندیی وێکچوون ئاڵۆزترن و پێویستیان بە چەمکی سەردەستە کە پتر دەرهەستن. مرۆڤ، بۆ نموونە، بەهاسانی جوداوازیی نێوان سێ کاڵای جودا دەبینێت بەڵام گەر بەراوردی هەڵکشاوتر مەبەست بێت ئەوا پێویستمان بە چەمکی سەردەستی وەک ڕەنگ، شێوە، ئەندازە، کارکرد... هتد دەبێت.

3) توانستی دیتنی ئاکامی بەرشیان لە کارێکی مرۆڤ دەیکات

توانستی دیتنی ئاکامی بەرشیان لە کارێکی مرۆڤ دەیکات، هەر وەک دوو توانستەکەی زووتر باسیان هات، بەرانبەری هەیە لە ساختاری هزریی پێشزمانەکیدا. ئادگاری وێنە پێشزمانەکییەکەی ئەم توانستە بریتییە لە

---

47 - یەکتا: unique، تاک، تایبەت، بێمانەند.

48 - سۆسە: intuition، سۆسەی دەروون.

49 - هەڵپە: impulse.

ئاكامی دەمودەست. گیانداری شیرەدەر، بە مرۆڤی پێشزمانەکیشەوە، کارێک دەکات و دەمودەست ئاکامەکەی وەردەگرێت. پاشان، کە ژوورخانی زمانەکی پەیدا دەبێت، ئەوجا مرۆڤ دەستاوێژی دەبێت بۆ سازاندنێکی پتر ئاگایانەی ئەزموون. مرۆڤ دەتوانێت گوزەرانی خۆی پلانڕێژ بکات، ئاکامی جۆراوجۆر ببینێت و دەشتوانێت دابینکردنی پێویستییەکانی خۆی بە جۆرێک دوا بخات کە گیانەوەری دیکە نایتوانن.

گریانی زارۆک لەوانەیە بەرتەک بێت لە ڕوودانێک، بەڵام دووریش نییە زرەگریان بێت بۆ ڕاکێشانی سەرنج. لەوە دەچێت پێویستی، ویست و توانستی مرۆڤ بۆ جڵەوگرتنی دەوروبەر بەستەری بەهێزی بە ساختاری پێشزمانکییەوە هەبێت.

ئەم باسە لە «بیردۆزەی دنە»[50] -ی فرۆید Sigmund Freud -دا دەبێتە شاباس. دنەی وەک برسیەتی و تینوەتی دەبێت دابین بکرین دەنا مرۆڤ دەمرێت. دنەی زایەند دەکرێت دوا بخرێت بۆ کاتی دیکە و شێوازی دەربڕینی دیکە بگرێت خۆ (هەڵکشان).[51] ئەم وزەیەش لە پرۆژەی فەرهەنگیدا دەخرێتە کار. هەموو شێوازێکی جڤاکیی ناسراو هەوڵی داوە سوود وەربگرێت لە وزەی زایەندەکی بە مەبەستی جڤاکاندنی[52] مرۆڤ بە ئاراستەیەکی دیاریکراو.

سازاندنی زمانەکی بۆ ئاکامەکانی ڕەفتاری مرۆڤکرد هێزێکی نوێ دەداتە ئەم توانستە. لە ئاست تاکەکەسدا، دەرفەت دەداتە مرۆڤ هۆشەکییانە سازوسەودا لەتەک ئایەندەی دوورمەودای خۆی بکات. لە ئاست جڤاکدا، دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ سازوسەودای ئاگایانە و هۆشەکییانە لەتەک ئامانجی دوورمەودا کە دەکاتەوە فراژووتنی جڤاک.

ئەم توانستی ئاکامبینینە هەم هەڤبەندی و هەم داترازانی[53] دوو لایەنی خواستی تێگەیشتنی جڤاک و خواستی گۆڕینی جڤاک بە ڕوونی خویا دەکات. تۆژینەوە هەن خەریکی ڕاڤەکردنی دونیان، تۆژینەوەی دیکە هەن خەریکی هەم ڕاڤەکردن و هەم ڕوونکردنەوەن، دەستەی سێهەمیش هەن خەریکی ڕاڤەکردن، ڕوونکردنەوە و ئەوجا گۆڕینن. بۆ نموونە بڕوانە دانانەکیەتی،[54] هەرمەنوتیک[55] و مارکسایەتی (مارکسیزم).

---

50 – بیردۆزەی دنە: Drive theory, theory of drives. بۆ «دنە» بەرانبەر drive، بڕوانە مەسعوود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، سایتی مامۆستا www.mamosta.net.

51 – هەڵکشان: sublimation، لە دەروونناسیدا دەبێتە ڕووگۆڕینی دنەی ژینەوەریی وەک زایەند لە ئامانجە دەمودەستەکەی خۆیەوە بەرەو ئامانجێکی دیکەی پتر پەسەندکراوی جڤاکی وفەرهەنگی.

52 – جڤاک: society، جڤاکی: social، جڤاکاندن: socialization.

53 – داترازان: distinction، لێک هەڵبڕان، جوداکردنەوە، جوداوازی.

54 – دانانەکیەتی: Positivism. ناوە بۆ ڕشتە فەلسەفییانەی دەڵێن لە جڤاکناسیشدا، هەر وەک لە سروشتناسیدا باوە، دەبێت فاکت (ڕاستینە) ببێتە بنەمای زانیار. دەرئەنجامی تۆژینەوەی ئەزموونەکی دەبێتە بنەما بۆ هەڵبەستنی زانیار. ئەوەی بەرپێوان و بەرکێشانە دەبێتە بنەما، ئەوەی دیکە کەمتر گرینگە.
بۆ چەمکی دانانەکیەتی بڕوانە مەسعوود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، سایتی مامۆستا www.mamosta.net.

55 – هەرمەنوتیک: Hermeneutics. زانستی لێکدانەوەی نووسیار، هونەری تێگەیشتن و پەیبردن. ڕیشەی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی hermēneuō ی یۆنانی دێرین، بە واتای لێکدانەوە و تەرجەمە و لەویشەوە بۆ hermeneus بە واتای لێکدەرەوە و تەرجومان کە دەگەڕێنەوە بۆ هەرمەس Hermes ی پەیامبەری خوداوەند لە ئەفسانەی یۆنانیدا، ئەوەی پەیامی ئاڵۆز و پەنامپۆشی خوداوەندی تەرجەمە دەکرد بۆ ئەوەی مرۆڤ تێیان بگات.

دەیسا ئەم توانستی دیتنی ئاکامی بەرشیان لە ڕەفتاری مرۆڤکرد چۆن لە فێرگەدا چارە بکرێت؟ لە شابابەتی بۆ نموونە مرۆڤ و «جڤاکی خۆڕاگر»دا، پرسیاری لەم جۆرە دەبنە بزوێنەر: چی ڕوو دەدات گەر گشت مرۆڤی سەرزەمین ڕۆژانە خۆیان بشۆن؟ چی ڕوو دەدات گەر گشت مرۆڤی سەرزەمین ڕۆژانە گەڕۆک (ئۆتۆمۆبیل) باژۆن؟ چی ڕوو دەدات گەر... هتد. پرسیاری لەم جۆرە دەبنە بەرۆکگیری ئەو سەرشارە کەسەکییەی فێرخواز هەیەتی، پێشانی دەدەن ئاکام چی دەبێت گەر ئەو پێویستییانەی فێرخواز بە مەرجی دەگرێت، ببێتە مافێکی گشتی بۆ هەموان.

لە وانەی جڤاکناسیدا دۆزی ناکۆکیی نێوان بۆچوونی تاک و بەرژەوەندیی جڤاک دێتە بەرباس. بابەتی وەک: گیانەوەرپارێزی،[56] لافەرمانیی[57] لاشەڕ[58] (لافەرمانیی سیڤیل، مەدەنی) و دیاردەی دیکەی جڤاکی کە دبنە مایەی کێشەڕێژکردنی بڕیاری دیمۆکراتیانە گرینگە لە فێرکاریدا جێیان هەبێت. ئەرکی فێرگە لێرەدا ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ فێرخواز بۆچوونی خۆیان دەبڕن نەک ببنە لایەنگری ئەم یان ئەو بۆچوونە. سێرەی مامۆستا دەبێت لەسەر شێوازی دەربڕین و داڕشتنی پرسیار بێت لای فێرخواز.

گەر هاتە سەر چەمکی دیمۆکراسی، گرینگە شێوازی فەرمانڕەوایی دیمۆکرات جودا بکەینەوە لە باسی تاکی دیمۆکرات. لە پەروەردەی دیمۆکراتدا جەختکردن لەسەر تایبەتمەندیی مرۆڤی دیمۆکرات گرینگترە لە باسکردنی فەرمانڕەواییەکی دیاریکراوی دیمۆکرات.

4) توانستی هەڵوێستگرتنی کەسەکی.

زریکەی زارۆکی بچووک جۆرێکە لە هەڵوێستگیری، لە پێشاندانی پێداگری و لە خواست، داوای پەژراندنە، دیتن و لێبیستنە. بۆیە ئەم توانستەش ڕیشەی لە پێشزمانەکیدا هەیە. هەڵوێستگرتنی مرۆڤ توانایەکە خاوەن بناخەی قووڵ و فێرکاری دەبێت هاندەر بێت بۆ گەشەکردنی ئەم توانستە. فێرگە زەمینە فەراهەم دەکات، ساختار و ڕێچکە دیاری دەکات بۆ ئەوەی فێرخواز توانای هەبێت شێوەی لەبار بدۆزێتەوە بۆ هەڵوێستگیری.

زارۆکی بچووک یەکنەوازانە لاری یان لایەنگریی خۆی دەنوێنێت بەرانبەر دیاردەیەک. دونیا بەسەر سپی و ڕەشدا دابەش دەکات. لە ئاست پرسیاری دژواردا چاوەڕێی وەڵامی ساکارە. لەمێژە داستانی گەلێر پەی بردووە بەم جۆرە بیرکردنەوەیەی زارۆک. داستان سوود لەم بیرکردنەوە جووتجەمسەرەی چاک و بەد، ڕاست و چەوت، ڕەش و سپی... وەردەگرێت. داستان بەم جۆرە ڕێی جڤاکاندنی زارۆک خۆش دەکات، بیرکردنەوەی زارۆک دەکاتە سەرشار و ئەوجا هەستی دەبزێوێت و لەویشەوە خەیاڵی دەهرووژێنێت ڕووەو فراژووتنی بیرکردنەوەی ئافرێنەر.

فێرگە دەبێت پشتیوانی لە فێرخواز بکات بۆ هەڵوێستگیری و ڕادەربڕین، تەنانەت گەر ئەو هەڵوێست و بۆچوونە لە دیدی جڤاکی ئەمڕۆشدا کەمتر پەسەند بێت. ئەوجا ڕووکاری زمانەکی گرینگە. مرۆڤ تەنها بە دەربڕین دەتوانێت بیر و بۆچوون و هەڵوێستی خۆی خویا بکات. فراژووتنی زمان دەبێتە هۆی خویابوونی دید و هەڵوێست هەم بۆ خۆ و هەم بۆ ئەوانەی دیکە و بەوەش دەرفەتی باشتر دەڕەخسێت بۆ فێرخواز داکۆکی لە بۆچوون و

---

56 – گیانەوەرپارێزی: Animal rights movement، بزاڤی پاراستن و داکۆکی لە مافی گیانەوەران.

57 – لافەرمانی: disobedience، نافەرمانی، یاخیبوون، سەرکێشی، سەرپێچی. بڕوانە مەسعوود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، سایتی مامۆستا www.mamosta.net.

58 – لاشەڕ: nonviolent, peaceful. بڕوانە مەسعوود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، سایتی مامۆستا www.mamosta.net.

هەڵوێستی خۆی بکات. ئەرکی فێرگە فرەواندنی بیرکردنەوەی فێرخوازە نەک سەپاندنی ئەو بیرکردنەوەیەی لای مامۆستا «دروست»ـە.

5) توانستی بیرکردنەوەی ڕەخنەگر

هەڵوێستی ڕەخنەگر لە دیاردەکانی دەوروبەر ستراتیژێکی دایکزایە بۆ مرۆڤ ماوەتەوە. زارۆکی شیرەخۆر هەموو شتێکی تفت دەتفێنێتەوە. دوور نییە ڕیشەی ئەم ڕەفتارە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕووەکی ژەهرین لە سروشتدا بەگشتی تفتن. زارۆک گەر ئەزموونێکی ترسناکی لەگەڵ شۆردن هەبێت، شۆردنی پێیخۆش نابێت. هەڵوێستی ڕەخنەگر لە ئاو دەگرێت. ئەمانە نموونەن لە توانستی ڕەخنەگر لە ئاستی پێشزمانەکیدا.

لە وێنە پێشزمانەکییەکەی ئەم توانستەدا جۆرێک لە گشتاندنی هۆشنەیار[59] هەیە و تەنانەت پاش فراژووتنی زمانیش هەر دەمێنێت. ئێمە دەبینین چۆن ترس ورەی مرۆڤ پەک دەخات، ئەمە نموونەیە لەوەی ئەزموون هەیە مرۆڤ ناتوانێت بە شێوەیەکی هۆشەکی چارەی بکات و ئەم جۆرە ئەزموونگەلە تاوی مەزنیان هەیە. هەر ئەم لایەنە هەستەکی و هۆشنەیارەیە بازاڕ لە ڕیکلامدا بەکاری دەهێنێت بۆ خۆشکردنی خەرجەمەنی. بازاڕ دەزانێت هەست جودایە و بەهێزتریشە لە بیرکردنەوەی ئاوەزمەند.

ئێستا دەزانین مرۆڤ یادەوەریی خۆی لە ڕێگەی هەم هەستەکی و هەم هۆشەکییەوە چارە دەکات و گرینگە فێرگە خەریکی فراژووتنی ئەم توانستە ڕەخنەگەرە بێت لای فێرخواز. فێرخواز دەبێت توانای هەبێت ئاگایانە لایەنی هۆشنەیارانەی خۆی ڕووماڵ و دەرک بکات. لەوەش بترازێت گرینگە فێرخواز ببێتە خاوەن دەستاوێژی لەبار بۆ پەیبردن بەو هەوڵانەی لە دەوروبەردا دەدرێن بەمەبەستی داگیرکردنی هەستی مرۆڤ و فریودانی مرۆڤ ڕووەو هەڵوێستگری و بڕیاردانی هۆشنەیارانە.

هەست و ئاوەز هەڤبەندییەکی دیالەکتیکانەیان هەیە. یادەوەری و ئەزموونی پێشزمانەکی کاریگەری هەیە لەسەر کۆشانی مرۆڤ بۆ چارەدۆزیی ئاوەزمەند و هۆشەکی. سازاندنی ئاوەزمەند، هۆشەکی و ڕەخنەگر دەبنە یاریدەر بۆ دەرککردنی یادەوەری و ئەزموونی پێشزمانەکی.

ئەم هەڤبەندییەی هەست و ئاوەز ڕەهەندی دیکەشی هەن سەربە جڤاک و سیاسەتن. فەیلەسووفانی سەردەمی ڕۆشنگەری جەختیان لەسەر ئاوەزمەندیی مرۆڤ و فراژووتنی مرۆڤی ئاوەزمەند بوو. جاروباریش باوەڕی زێدەڕۆش بە ئاوەزمەندی سەری هەڵدەدا و چاوەنۆڕ بوو ئاوەزی هۆشەکی جڵەوی لایەنی هۆشنەیار بگرێت. بەڵام مێژوو نموونەی زۆرە لە ڕەفتاری ئەم مرۆڤە ئاوەزمەندە. گەلەکوژیی سەردەمی دووهەم جەنگی جیهانی لە جڤاکێکی ژیارمەندی باڵادا چۆن ڕوون بکەینەوە؟ ئەو هەژەندە بەرهەمی ئاوەز نەبوو. لەم ڕۆژگارەشدا دەبینین ڕەوتی وەک بنەماگەری چۆن برەو پەیدا دەکەن.

بیرکردنەوەی ڕەخنەگر گرینگە و فێرگە لەم بوارەدا دەبێت ڕزگارکەر بێت. واتە مامۆستا، بە دابینکردنی دەستاوێژی زمانەکی و هزریی پێویست، دەرفەت بۆ ئازادکردنی توانستی ڕەخنەگەری فێرخواز فەراهەم بکات. لێرەدا هونەری پرسیارکردنی مامۆستا شادۆزە. پرسیاری مامۆستایە دەروازەی بیرکردنەوە بەڕووی فێرخوازدا

59 – هۆشنەیار: irrational. بڕوانە مەسعوود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، سایتی مامۆستا www.mamosta.net.

دەکاتەوە. فێرکارییەک جەختی تەنها لەسەر پرسیاری سەربە کۆنترۆلکردنی فاکت بێت، نابێتە خوێندنێکی ڕزگارکەر.

پرسیاری وەک: «سیستەمی خۆشگوزەرانیی سوێد چۆن هەڵبەستراوە؟» نابێتە پرسیاری ڕزگارکەر، چ دەرفەتێک بۆ بیرکردنەوە و هەڵوێستگیریی ڕەخنەگر نارەخسێنێت. پرسیاری دیکە هەیە لەم بوارەدا دەروازەی ڕامان و ڕەخنە باشتر دەکەنەوە، بۆ نموونە: پێت وایە ئەم سیستەمی خۆشگوزەرانییە گشت کەسێک دەگرێتەوە؟ پێت وایە داهاتی باج لە ئایەندەدا توانا بێت خەرجیی ئەم سیستەمی خۆشگوزەرانییە بچەرخێنێت؟ پرسیاری جۆراوجۆر دەروازی بیرکردنەوەی جۆراجۆر دەکەنەوە.

**دەستەی دووهەم، توانستی بیرکردنەوەی خاوەن بنەمای زمانەکیی ئاڵۆز (6-10)**

هەتا ئێستا باس لەو توناستگەلە بووە کە پێمان وایە ڕیشەی پێشزمانەکیان هەیە. مەبەست ئەوەیە ئەم توانستانە وێنەیان لە ساختاری هزریی پێشزمانەکیدا هەیە و لەوێشەوە وزە دەگرن. ئەم ساختارانە هێند بنەڕەتین کە بەگشتی جودا ناکرێنەوە لە ساختارگەلی شیردەرکان. ئەم ساختارە هزریانە سەرچاوەن بۆ ئەو دەستاوێژە بەراییە هاوکۆیەی مرۆڤ و شیردەرەکان پێویستن بۆ هەڵکردن لە سروشتدا و ڕێک لەبەر ئەمەشە، پاش وەرگرتنی ڕەهەندی زمانەکی، هێزی هێندە مەزن پەیدا دەکەن.

لەم بەشەدا پێنج توانستی دیکە دێنە بەرباس کە بەستەری ڕوونیان لە ساختاری پێشزمانەکیدا نییە. ئەمانە بنەمای ئاڵۆزتریان هەیە، بنەمای هەم سەربە ساختاری هزریی بەرایی، هەم سەربە ساختاری ئاوەزمەندانەی زمانەکی کە زمانی هێماکار پێشمەرجی بۆ دارشتووە. بە چەرخاندنی ئەم توانستانە، دەکەوینە جیهانیکەوە هۆشزادە و مرۆڤکرد، بەستەری ڕوونی لەگەڵ دەوروبەردا نییە. ئەم توانستانە لای زارۆکی پێشزمانەکی ڕەنگیان نییە. پێشمان وەهایە لای جڤاکی بێسەواد، واتە جڤاکێک زمانی نووسینی نەبێت، تەنها زمانی زارەکی تێیدا بنەما بێت، فراژووتنی ئەم توانستانە دژوارە. ئەوە سەواد و زمانی نووسینە، بە توانای مەوداگیرییەوە، دەبێتە ئەو فراژووتنەی پێویستە بۆ پەیدابوونی ئەم توانستگەلە.

6) توانستی تێگەیشتنی کێشەی ساکاراندنی داکەوت.

پەیوەندیی مرۆڤ و دەوروبەر، کە دەکاتەوە پەیوەندی لەتەک «داکەوت»دا، باسێکی چڕە و هەزاران ساڵە مایەی پەرۆشیی مرۆڤە. سەرەتای ئەم باسە ڕاڤەیەکی گشتییە دەربارەی دیدی جۆراوجۆر لە ماکی داکەوت. پاشان کۆشانی مرۆڤ بۆ ساکاراندنی ئەم داکەوتە - بە مەبەستی دەرککردنی - دێتە بەرباس. ئەوجا لە کۆتادا ئاوڕ لەو دۆزگەلە دەدەینەوە کە دەبنە زادەی ئەم ساکاراندنە.

ماکی داکەوت ئەو کاتە دەبێتە دۆزێکی فەلسەفی کە مرۆڤ توانای هەبێت بە یارمەتیی زمان لە داکەوت ڕامێنێت. ڕێک ئەم جۆرە تێرامانەیە، تێرامانی مرۆڤ بە دەستاوێژی زمانی هێماکارەوە، دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ مەوداگیری لە داکەوت و بیرکردنەوەی لێی. زمان پەیدا دەبێت و مرۆڤی زمانەکی دەکەوێتە دارشتنی پرسیاری وەک: داکەوت چییە؟ ئێمە دەتوانین چی لە بارەیەوە بزانین؟ چۆن دەتوانین پەی بە داکەوت بەین؟ ئەمانە نموونەن لەو پرسیارە کاتبەدەرانەی لەمێژە مرۆڤ پەرۆشی وەڵامدۆزییانە.

بیرمەند هەن دەڵێن داکەوت بەدەر لە بوونی مرۆڤ بوونی نییە، بیرمەندی دیکە هەن پێداگرن لەسەر بوونی مرۆڤبەدەری داکەوت. ئەو ڕامانەی دەڵێت داکەوتی مرۆڤبەدەر بوونی نییە، ئاماژەیە بە سەنگ و هێزی زمان. لێرەدا زمان دەبێتە بەستەرێک لە نێوان مرۆڤ و داکەوتدا. ئەوجا دەرفەتیش ساز دەبێت بۆ ئەوەی بە یارمەتیی زمان هەوڵ بدەین کاریگەریمان هەبێت لەسەر داکەوت.

تۆژینەوەی سەربە مرۆڤناسی[60] هەن پێشانی دەدەن چۆن پەیڤ (وشە) لە نێو فەرهەنگی تەواو زارەکیدا (گەلانی سروشتنشین) وزەی تاڕادەیەک جادووبار (سیحری) پەیدا دەکەن. مرۆڤ باوەڕی هەیە بەوەی گەر گیانەوەرێک ناودێر بکات ئەوا هەم زاڵ دەبێت بەسەریدا و هەم هێزی لێ وەردەگرێت. لە بەستێنی دیندا باوە کە پەیڤ واتای جادووبار وەربگرن، دەستپێکی ئینجیلی یوحەننا دەڵێت: «سەرەتا پەیڤ هەبوو، پەیڤیش لای خودا بوو، پەیڤ خودا بوو». لە «سەرەتا»دا[61] خودا دێتە گۆ، دەبێژێت: «... ((ڕووناکی دروست ببە!)) و ڕووناکی دروست بوو. خودا دیتی ڕووناکی باشە و ڕووناکی لە تاریکی جودا کردەوە. خودا ڕووناکی بە ڕۆژ ناودێر کرد و تاریکی ناو نا شەو». پەیڤەکانی خودا پێش داکەوت دەکەون. وەها دێتە ڕانواندن کە خودا بە یارمەتی پەیڤ دونیا دەئافرێنێت. هێزی جادووگەرانەی پەیڤ زۆروکەم لە گوزەرانی ڕۆژانەی مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە. مرۆڤ لە ناخی خۆیدا بە بێدەنگی وشە بەکار دەهێنێت بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر دەوروبەر.

مرۆڤ بۆ پەیبردن بە دەوروبەر چەندین ستراتیژ بەکار دەهێنێت، یەک لەوان ساکاراندنی داکەوتە، بۆ نموونە بەیارمەتیی نەخشە. هاوکات دەبێت بزانین کە ئەم ساکاراندنەی داکەوت دەکاتەوە گۆڕینی ئەو داکەوتە. مرۆڤ لەم ساکاراندنەدا کام ڕووکار لەو داکەوتەدا خۆی بە گرینگی دەزانێت ڕەپێشی دەخات و کام ڕووکار بەلایەوە لەم بەستێنەدا کەمتر گرینگە وێڵی دەکات. بەم کارە دەگوترێت «پێڤاژۆی دەرهەستاندن» - داکەوت تێیدا لە ئاستێکی پتر دەرهەستدا دێتە پێشکەشکردن. نەخشە داکەوت نییە، دەرهەستاندنە لە داکەوت بەڵام سەیر لەوەدایە کە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی هاسانتر سەرەدەری لە دەوروبەر بکەین. لێرەدا ڕوون دەبێتەوە چۆن نەخشە دەبێتە بەستەرێکی نێوان مرۆڤ و داکەوت.

بە هەمان شێوە چەمکی زمانەکی، مۆدێل و بیردۆزە دەکەونە نێوان مرۆڤ و داکەوتەوە و هەر بەو جۆرەش دەبنە یاریدەر بۆ هۆشەدەری لە دەوروبەر. چەمکی زمانەکی، مۆدێل و بیردۆزە زادەی بیرکردنەوەی مرۆڤن. ئەمانە بەرهەمی هزرزان، لە بیرکردنەوەی مرۆڤکاردا دەبنە دەستاوێژ بۆ هۆشەدەری لە داکەوت. بەڵام هاوکات دەشبنە سنوورکێشی بیرکردنەوە و چێوەڕێژی سەرەدەریمان لە دەوروبەر. ئەم چەمک، بیردۆزە و مۆدێلانە، هەر لەبەر ئەوەی هزرزان، خاوەن بەهای هەم ڕاڤەکارن (زۆر یان کەم) و هەم سەرەدەری (باشتر یان خراپتر). ئەوجا مەوداشیان لە داکەوتەوە دوور و نێزیکی هەیە.

---

60 - مرۆڤناسی: Anthropology، ئەنترۆپۆلۆژی.

61 - سەرەتا، یەکەم بەشە لە پێنج بەشەکەی تەورات کە بریتین لە:

- Bereshit/Genesis/Sereta سەرەتا
- Shemot/Exodus/Korew کۆڕەو
- Vayikra/Leviticus/Lawîname لاوینامە
- Bamidbar/Numbers/Jimardin ژماردن
- Devarim/Deuteronomy/Yasay Dûhem یاسای دووهەم

مرۆڤ بۆ نموونە بەبێ نەخشە، ڕێی دەکەوێتە دارستان یان شارێکی زووتر شارەزای نییە و بۆ سەرەدەری و ڕەودەرکردن هەوڵ دەدات ساختارێکی هزرزا بەیارمەتی توولەڕێ، جۆری درەخت، چەم، گرد، یان باڵەخانە، پرد، کووچە و بازاڕ داڕێژێت. ئەم مرۆڤە هەوڵ دەدات نەخشەیەکی هزرزا داڕێژێت و وەک دەستاوێژێکی ساکاراندن بەکاری بهێنێت بۆ سەرەدەری لەو دەوروبەرەی تێیدایە. ئەم مرۆڤە تەنها هۆش و سەرنجدانی خۆی، وێنە، وشە و بیری ناخەکیی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ ڕەودەرکردن. ئەم ساکاراندنەی داکەوت کێشەئامێزە.

دەیسا پەیبردن بەم کێشەیە، کێشەی ساکاراندن و دەرهەستاندنی داکەوت، واتای چییە؟ بەکورتی واتای ئەوەیە مرۆڤ ئاگادار بێت لەوەی ئەم ساکاراندنە چ کارێک بە داکەوت دەکات و ئەوجا چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ئێمە و بیرکردنەوەمان. لەم سەردەمەدا «مەودا»ی نێوان مرۆڤ و ئەم داکەوتە ئاڵۆزە فرە بەرینە بۆیە توانستی دەرککردنی کێشەی ساکاراندن گرینگە بۆ سازاندنی زانیار.

لە فێرکاریدا پێویستە پەی بەرین بەوەی چی لە مێشکی فێرخوازدا دەگوزەرێت، چۆن بیر دەکاتەوە و چ توانستێکی هەیە بۆ تێگەیشتن لەو وێنە ساکارانەی داکەوت کە ڕۆژانە لە ئاخافتن و نووسیندا تووشیان دێت. ئەم توانستی دەرککردنی کێشەی ساکاراندنە، مرۆڤ دەباتە دونیای زمان و ئاوەزەوە، دونیای دوور لە داکەوت. لێرەدا سێرە لەسەر هێماگەلی هزرزایە و بەناچارەکی دەکەونە نێوان مرۆڤ و داکەوتەوە. سازاندنی چەمکامێزانەی زانیار داوا لە مرۆڤ دەکات پەی بەرێت بە پەیوەندیی ئەم هێماگەلە، هەم بە مرۆڤەکەوە و هەم بە داکەوتەکەیەوە.

ئەم کێشەی دەرککردنی هێماگەلە باسێکی گرینگە و لە گشت سازاندنێکی بیرکارانەدا خویایە. فێرگە دەتوانێت ببێتە یاریدەر بۆ فراژووتنی توانستی مرۆڤ بۆ هەڵکردن لەگەڵ ئەم کێشەیەدا. فێرخواز گەر ئەم توانستە پەیدا بکات و پەی بە کێشەی ساکاراندن بەرێت، لە بواری ئاوەزمەندیدا هاسانتر دەکەوێتە ئافراندن.

7) توانستی هۆشگێڕان لە نێوان جووتە لایەنی دەرهەست و بەرهەستدا

لەوانەیە گرینگترین کارکردی زمانی هەڵکشیو بریتی بێت لەوەی ببێتە دەستاوێژ لای مرۆڤ بۆ ڕاڤەکردنی جیهان و پەیبردن بە داکەوت. فراژووتنی زمان بۆتە مایەی هەڕەماندنی[62] پەیڤ، بنەمایەکی گشتیی فراژووتنیش بۆتە مایەی زیادبوونی چەمکی دەرهەست، یان هەڵکشانی دەرهەستبوونی چەمک. ئاستی دەرهەستانی پەیڤ، واتە پەیڤەکە چی و چەند دەگرێتە خۆ، هەردەم لە گۆڕانکاریدایە و سەرباری ئەوەش ئاستەکانی دەرهەستاندنیش زیاد دەبن.

ڤیگۆتسکی دەڵێت فراژووتنی زمان دوو ڕەوتی هەیە بە دوو ئاڕاستەی جودا، یەک ڕووەو ئاستێکی باڵاتری دەرهەستاندن و یەک ڕووە ئاستێکی دەرهەستاندنی نزمتر، ڕووە پتر بەرهەستاندن.[63] چەمکی «درەخت» بە نموونە بگرە، لەوە دەچێت سەرەتا چەمکێک بووبێت بۆ هەرچی پێی دەگوترێت درەخت. پاشان چەمکی وەک

62 – هەڕەم: hierarchy، هەڕەماندن: hierarchize.

63 Vygotsky (1999), p. 253.

درەختی پەلکدەرزی[64] و درەختی پەلکپان[65] ی لێ پەیدا دەبن. ئەوجا چەمکی درەختی پەلکپان دەفراژێت و سپیدار (خووشە) و داربەڕوو... هتد دەگرێتە خۆ. ئەم کارە دەوامەی هەیە و سپیدار چەمکی دیکە لێ دەکەوێتەوە و ڕوەکناسان هەر خەریکی پۆلێنکاری و چەمکاندنن.

هاوتەریبی ئەم ڕەوتەی بە لێژاری[66] چەمکاندندا ڕووەو پتر بەرهەستاندن، ڕەوتێکی دیکە هەیە ڕووەو بەرزاری[67] چەمکاندندا. وشەی درەخت کە لە سەرەتادا بەرەژێر ئاماژە بووە بە درەختی بەرهەستی دیاریکراو، ڕووەو هەورازیش گەشە دەکات و ئاماژەی بەرەژووری دەبێت. درەخت دەبێتە بەشێک لە چەمکی پتر سەردەست و دەرهەستی وەک «ڕوەک»، «ژینەوەر» و «سروشت» - و بالاتریش دەڕوات و دێتە بواری مێتافۆرەوە. کەواتە ئەم «درەخت»ـەی سەرەتا چەمکێکی بەرهەست بوو، بەدەم ڕەوتی فراژووتنی زمانەوە ڕوو لە دەرهەستاندن دەکات و هاوکات وێنەگەلی بەرهەستی زیادتر لە ژێر خۆیدا ڕیز دەکاتەوە.

زمان یەکێکیشە لە دەستاوێژەکانی زانست. زانست سوود لە ئادگاری هەڕەمیی زمان وەردەگرێت و ساختاری دیکەی هەڕەمیی چەمک دروست دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی دەوروبەر. زانست سیستەمی بۆ چەمکی هەڕەمی لە گشت بوارەکاندا ساز کردووە، بۆ نموونە: ڕێزمان، بایۆلۆژی، کیمیا، جیۆگرافی، ماتەماتیک و... هتد.

سەرەتای ئەم جۆرە ڕەفتارە لەگەڵ دەوروبەر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەریستۆ. مرۆڤ لەم ڕێبازەدا دەکەوێتە چەمکاندنی دەوروبەر، داکەوت چەمکامێز دەکات. گەر پێویستیش بوو چەمکی نوێ دروست دەکات و لە ساختارێکی هەڕەمیدا، لە نێو چەمکی دیکەی سەردەست و ژێردەستدا، جێگیریان دەکات. بۆ نموونە بنەمادده[68] دابەش دەکرێن بەسەر کانزا[69] و ناکانزادا،[70] جیهان دابەش دەکرێت بەسەر کیشوەردا، مێژوو بە چاخ و سەردەم دێتە دابەشین، ژینەوەر دەکرێنە گیانەوەر و ڕوەک... گشت چەمکێک لە هەرە بەرهەستەوە هەتا هەرە دەرهەست، جێی خۆی لە سیستەمێکی هەڕەمەیدا هەیە و بەشێکی فرەوانی بیرکردنەوەمان بە گوێرەی ئەو بنەماگەلە ساختاربەند کراوە.

فێرگە دەتوانێت بە ڕێبازی ساکار بەڵام چوست دەرفەت بۆ فێرخواز فەراهەم بکات خەریکی ساختاری هەڕەمی چەمک بێت. بۆ نموونە، مامۆستا داوا لە فێرخواز دەکات لە پەنجەرەی پۆلەوە سەیری دەرەوە بکەن و هەر یەکەیان ناوی بابەتێک بڵێت کە لە دەرەوەی پۆلە. مامۆستا ئاگایانە وشەی فێرخوازەکان لە سەر تەختی پۆل تۆمار دەکات بەڵام بە دوو ستوونی جودا، یەکیان بۆ وشەی سەربە سروشت و یەکیان بۆ وشەی سەربە فەرهەنگ. ئەوجا مامۆستا داوا لە فێرخوازان دەکات بکەونە دۆزینەوە خاڵی هاوکۆ لە نێوان وشەگەلی هەر

---

64- درەختی پەلکدەرزی (پەلدەرزی): Pinophyta, Coniferophyta ، درەختی سنەوبەری، درەختی گەڵادەرزی، بۆ نموونە سەروو، سنەوبەر...

65- درەختی پەلکپان Broad-leaved tree. درەختی پەلپان، گەڵاپان.

66 - لێژار: ڕووی سەرەولێژ، لێژگ. بڕوانە مەسعوود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، سایتی مامۆستا www.mamosta.net.

67 - بەرزار: ڕووی بەرەو بەرازایی، ڕووەو هەوراز. بڕوانە مەسعوود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، سایتی مامۆستا www.mamosta.net.

68 - بنەمادده: element، توخمی کیمیایی، ئەلەمەنیت، لە کیمیادا چەمکە بۆ کەرەستەی پەتیی وەها کە گشت ئاتۆمەکانی خاوەن هەمان ژمارەی پرۆتۆن بن لە ناوکی ئاتۆمیی خۆیاندا. بۆ نموونە: ئۆکسیژین، هایدرۆژین، زێڕ... بنەمادده بە پرۆسەی کیمیاکار پارچە ناکرێت.

69 - کانزا: metal.

70 - ناکانزا: nonmetal.

ستوونێکدا. لە کۆتادا داوا لە فێرخوازان دەکات ناوی گشتی بۆ ئەو دوو دەستەیە پێشنیاز بکەن. لەم نموونەیەدا، مامۆستا ئاگایانە ڕێ بۆ فیرخواز خۆش دەکات خۆیان سەرلەنوێ چەمک دروست بکەنەوە و خەریکی هەڵبەستنی هەرەمێکی ساکاری چەمک بن.

مامۆستای زمان لە پۆلی هەڵکشاوتری بنەڕەتیدا داوا لە فێرخواز دەکات وشەی سەربە جۆری وشە و بەشەکانی ڕستە لە ساختارێکی هەرەمیدا داڕێژن. ئەم ساختارە دەبا لە لاپەڕەیەکدا پێشکەش بکرێت و تێیدا وشەی سەردەست و ژێردەست دیاری بکرێن و هەڤبەندییەکان بە هێڵ، تیرەسا و هێما ڕوون بکرێنەوە.

8) توانستی پوختاندن و پەیبردن بە پەیامی بابەت.

مرۆڤ بۆ ڕاڤەکردنی پوختەی باسێک، دەبێت توانای هەبێت سەرلەبەری باسەکە دەرک بکات، گشتەی بابەتەکە تێگەیشتبێت و ئەمیش پێشمەرجە بۆ تێگەیشتنی پەیامی بابەتەکە. پوختاندنی باسێک پێویستی بە دەرککردنی ڕەهەندی کات هەیە. مرۆڤ دەبێت توانای هەبێت باسەکە لە چێوەی زەمەنیی خۆیدا ببینێت. واتە هاوکات هەم سەرەتا و هەم کۆتای بابەتەکە، بۆ نموونە کتێب، فیلم یان هەرچییەکی هەیە، ببینێت.

ئەوجا مرۆڤ دەبێت توانای هەبێت ئەم گشتەیەی دیبینێت، بەراورد بکات بە ئەزموونی دیکەی لەم بابەتە کە لە هۆشدا بە شێوەیەکی زمانەکی پارێزراون. هەر زمانیشە شیانی گشت ئەمانە دەرەخسێنێت، دەیانکاتە بەرشیان: دەی ئەوە زمانە وەها دەکات ئێمە لە ناخی خۆماندا مێژووی خۆمان ببینین و بیر لە ئایەندەمان بکەینەوە.

لێرەدا، لە سێ ڕوانگەی جیاوازەوە تەماشای ئەم توانستە دەکەین: ڕوانگەی زمانناسیی جڤاکی،[71] ڕوانگەی دەروونناسیی فراژکار[72] و ڕوانگەی دیاردەبینی.[73] بۆ ڕوونکردنەوەی یەکەمیان، ڕوانگەی زمانناسیی جڤاکی پەنا بۆ بێرنشتاین Bernstein[74] و تۆژینەوەکانی دەبەین دەربارەی چینی جڤاکی و زمانکاری. بۆ ڕوانگەی دەروونناسیی فراژکار دەچینە لای پیاژێ Piaget و ڤیگۆتسکی، بۆ ڕوانگەی دیاردەبینی دیدی مارتۆن Ference Marton دەکەینە سەرشار.

ڕوانگەی زمانناسیی جڤاکی - بێرنشتاین لە تۆژینەوەیەکدا منداڵی چینی کرێکار و چینی ناڤین دەخاتە تواناداوزییەکی زمانەکییەوە. منداڵەکان هاندران گەمە لەگەڵ یەکدی بکەن و پاشان داوایان لێ کرا گەمەکانی خۆیان بۆ کەسێک بگێڕنەوە کە ئامادەی ئەو گەمانە نەبووە. بێرنشتاین جیاوازییەکی ڕوونی بینی لە نێوان گێڕانەوەی منداڵی ئەو دوو چینە. هونەر لەوەدا بوو منداڵ بیر لەوە بکاتەوە کە گێڕانەوەکە بۆ کەسێکە ئاگاداری باس نییە. ئەم هونەرە پێویستی بەوەیە مرۆڤ توانای مەوداگیری هەبێت لە خودی ڕووداوەکان. مەوداگیری پێویستی بە چەمکی دەرهەستە، چەمکی خاوەن پلەیەکی بەرزتری گشتاندن. سەرنجگیری و بێژاندنەوەی بەسەرهاتێک بە یارمەتیی چەمکی وەها پێشمەرجە بۆ ئەوەی باسەکە بەردەرک و تێکبەستە بێت بۆ کەسێکی زووتر بێئاگا لەو بەسەرهاتە.

---

71 - زمانناسیی جڤاکی: Sociolinguistics.

72 - دەروونناسیی فراژکار: Developmental psychology.

73 - دیاردەبینی: Phenomenography.

[74] Bernstein (1981).

بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست دەڵێین منداڵ هەبوو لەو تۆژینەوەیەدا دەیگوت: زۆر خۆش بوو، یاریم کرد و شەقم لە تۆپ هەڵدا. منداڵی دیکە هەبوو دەیگوت: خۆمان دابەش کرد بەسەر دوو تیمی هەفتکەسیدا و تۆپانێمان کرد. گێڕانەوەی یەکەم کەماسیی زۆرە و ئاگاداریی پێویستی تێدا نییە. گێڕانەوەی دووهەم پەنا بۆ چەمکی زمانەکی دەبات و بەسەرهاتەکە دەکاتە تابلۆیەکی بەردەرک.

بێرنشتاین پێشانی دەدات کە منداڵی سەربە چینی ناڤین چەمکی زمانەکییان بەکار دەهێنا بۆ مەوداگیریی پێویست. منداڵی سەربە چینی کرێکار دەستاوێژی زمانەکییان بەکار نەدەهێنا و توانای مەوداگیریی پێویستیان نەبوو. بۆ دەربڕین لەم جوداوازییەی نێوان توانستی منداڵانی ئەم دوو چینە، بێرنشتاین چەمکی «ئاخافتنی بەستراو» / «ئاخافتنی نەبەستراو» و هەروەها «کۆدی سنوورداری زمانەکی» و «کۆدی فراژووی زمانەکی» بەکار دەهێنێت.

ڕوانگەی دەروونناسیی فراژکار - گەر لە دیدی پیاژێ-وە سەیری توانستی پوختاندن بکەین ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ پلەکانی فراژووتن و دەگەینە پلەی چوارەم: «پلەی کردەکیی فەرمی» Formal Operational stage، واتە ئەو پلەیەی مرۆڤ پاش فراژووتنی ژینەوەری (بایۆلۆژی) دەیگاتێت و تێیدا دەتوانێت خەریکی بیرکردنەوەی دەرهەست بێت - دەتوانێت مەودا لە بەستێن بگرێت بۆ بەسەرکردنەوەی پوختەی ئەو بەستێنە.[75]

گەر لە دیدی ڤیگۆتسکییەوە شرۆڤەی ئەم توانستی پوختاندنە بکەین دەبینی کە ئەمیش وەک توانستێکی هزری-زمانەکی، دابڕاو نییە لە بەستێنی جڤاک و فەرهەنگی خۆی. بە بۆچوونی پیاژێ زمان کاریگەرییەکی وەهای نییە لەسەر ماکی بیرکردنەوە. ڤیگۆتسکی دەڵێت زمان و بیرکردنەوە هەڤبەندیی دیالەکتیکانەیان لە نێواندایە و هەردوو لا بەرتاوی یەکدین. لێرەدا ئاشکرایە کە بیردۆزەکەی ڤیگۆتسکی باشتر دەتوانێت دەرئەنجامەکانی تۆژینەوەکەی بێرنشتاین ڕوون بکاتەوە. منداڵەکان هاوئاست بوون بەڵام سەربە ژینگە و پاشخانی جودا.

ڕوانگەی دیاردەبینی – چەمکی «پارچەبین»[76] (ئاتۆمیزم) و «گشتەبین»[77] (هۆلیزم) دێنێتە کایەوە. لێرەدا بیر و ستراتیژەکانی فێرخواز لە فێربووندا دەبێتە مایەی سەرنج. لە تۆژینەوەیەکدا داوا لە فێرخوازان کرا نووسراوێک بخوێننەوە و پاشان ڕاڤەیەکی ئەو نووسراوە پێشکەش بکەن. تۆژەران دوو ڕێچکەی فێربوونیان دیاری کرد. دەستەیەک لە فێرخوازان لە پەیدۆزیی گشتە و پەیامی تێکستەکەدا بوون. مەبەست دۆزینەوەی وەڵام بوو بۆ: ئەم تێکستە باس لە چی دەکات؟ پەیامەکە چییە؟ ئەم ڕێچکەیە بە «گشتەبین» و قووڵبوونەوە ناوزەد کرا. دەستەکەی دووهەمی فێرخواز خەریکی وردەدۆزی بوون، دەگەڕان بۆ وەڵامی پرسیاری وەک: پرسیار لە چی دەکرێت؟ چی گرینگە بێتەوە یاد؟ لەمیاندا پارچەی نێو تێکستەکە کرایە شامەبەست، نەک گشتەی سەرلەبەر. ئەم ڕێبازەش بە «پارچەبین» و ڕواڵەتکار ناودێر کرا.

---

75 – بۆ وردبوونەوە لە پلەکانی فراژووتن لە بیردۆزەی پیازێدا بڕوانە:
Jean Piaget. *Principles of Genetic Epistemology* (1972).

76 – پارچەبین: atomism، ئاتۆمیزم.

77 – گشتەبین: holism، هۆلیزم.

9) توانستی بەکارهێنانی چەمک و ڕوانگەی هەمەجۆری زمانەکی وەک دەستاوێژی بیرکردنەوە.

بەکارهێنانی چەمک و ڕوانگەی هەمەجۆر لە ڕاستیدا بناخەیە بۆ ڕامانی بیردۆزەکی. ئەمەش کارێکە لای فێرخواز هاسان نییە، بگرە ئاڵۆز و دژوارە. هەر دەڵێیت، لە ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردنی دەوروبەردا، بەرخۆدانێکی ناخەکی هەیە دژ بە هەڵبەستنی بیردۆزەکیی وەها کەسانی دیکە دایانڕشتبێت.

کرۆکی کێشەکە بریتیە لەوەی مرۆڤ دەبێت توانای هەبێت لە مێشکی خۆیدا خەریک بێت بەرهەمێکی هزریی مرۆفکردی مێژوودار و خاوەن داڕشتنی زمانەکی بکاتە ڕوانگە و بیردۆزەی خۆی. مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت چەمک، ڕوانگە و بیردۆزە بکاتە دەستاوێژی هزری دەبێت تەواو لەو چەمکانە گەیشتبێت و بە جۆرێک لە نێو خۆیدا هەناوچێنی کردبن بۆ ئەوەی کاتی بیرکردنەوە نێزیکەدەست بن. پاش فەراهەمبوونی ئەم بارە ئەوجا مرۆڤ دەتوانێت بەکاریان بهێنێت لە کاری بیرمەندانەی جۆراوجۆردا.

چەمک لەم چێوەیەدا دەبێتە جۆرێک لە بیردۆزە ئێمە بەکاری دەهێنین بۆ خویاکردن، ڕاڤەکردن و دەرککردنی دیاردەیەک. ناوچەیەکی جیوگرافی بۆ نموونە دەکرێت لە چەمکی «کەش»ـەوە تەماشا بکرێت، بەڵام دەشکرێت هەمان ناوچە بە چەمکی «فەرهەنگ»یش ڕوون بکرێتەوە. ئەم دوو ڕوانگە چەمکامێزە لایەنی جودا لە هەمان ناوچەی جیوگرافی پێشان دەدەن. کەواتە هەڵبژاردنی چەمک کاریگەری هەیە هەم لەسەر ئەو ئەنجامگەلەی دێتە بەرهەم، هەم لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەو ئەنجامانە.

بۆ نموونە، لە فێرگەدا خەریکی دیاردەی «گەشەسەندنی نازیزم»ـین و دەبینین کە ڕاڤەکردن و هەروەها ڕوونکردنەوەی دیاردەکە وابەستەی چەمک و ڕوانگەی کارایە: گەشەسەندنی نازیزم دەرهاویشتەی گەلەهیستەریایە،[78] دڕندایەتیی زگماکیی مرۆڤە، ناکۆکیی چینایەتییە یان ململانێیە لەسەر دەرامەدی سنووردار. سازاندنی زانیار دەکاتەوە هەڵبژاردنی یەک یان چەند ڕوانگەیەکی بەردەست. ئەنجامیش وابەستەی ڕوانگەی هەڵبژاردەیە.

وەرن بۆ نموونە تەماشای دیاردەی پێشکەوتن بکەین لە ڕەوتی خوێندندا: چییە هۆکاری پێشکەوتنی فێرخواز لە خوێندندا؟ گەر تاکلایەنە چەمکی زیرەکی بکەینە هۆکار ئەوە دەبێتە نموونەیەک لەوەی بە «تێبردنەتی»[79] ناودێر کراوە، واتە ڕەپێشخستنی یەک ڕوانگە و تێبردنی ڕوانگەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی پێمان وایە ئەمیان خاوەن بەهای ڕاڤەکاری پێویستە بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەکە. بەڵام بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەی پێشکەوتنی فێرخواز لە فێرگەدا پێویستمان بە وردبوونەوەیە لە هەردوو لایەنی هەم میرات و هەم ژینگە و هەروەها لە ڕووکاری جۆراوجۆری ئەو دوو لایەنە.

ڕاستە «تێبردنەتی» لە بواری زانستیدا دیاردەیەکی باوە بەڵام دیاردەی «دەستبژێرەتی»[80]ـش برەوی هەیە. «دەستبژێرەتی» دەڵێت مرۆڤ لە نێو بۆچوون و بیردۆزەی هەمەجۆردا دەستبژێری دەکات و چی بەباش زانی

---

78 – گەلەهیستەریا: mass hysteria, Mass psychogenic illness (MPI), mass sociogenic illness, mass psychogenic disorder, epidemic hysteria، هیستەریای گەلێر.

79 – تێبردن: reduction، تێبردنەتی: reductionism، ڕێبازێکی هزرییە لە ڕاڤەکردنی دیاردەی ئاڵۆزدا پەنا دەباتە بە چەمکی ساکار. بۆ بەراورد بڕوانە چەمکی «دەستبژێرەتی».

80 – دەستبژێر: eclectic، دەستبژێرەتی: eclecticism، ڕێبازێکی هزرییە خۆی لە یەک چێوە و ڕێچکەدا نابەستێتەوە بەڵکوو پەنا دەباتە بەر دەستبژێرکردنی بۆچوون لە چەمک و بیردۆزەی جۆراوجۆردا. بۆ بەراورد بڕوانە چەمکی «تێبردنەتی».

پەسەندی دەکات. مامۆستا بەگشتی دەستبژێرکارن. بە کردەوە ئەو ڕێبازە هەڵدەبژێن کە لایان پەسەندە. سازاندنی زانیار بەردەوام خەریکی هەڵوێستەیە لە ئاست بژارەی جۆراوجۆردا. هەڵبژاردنیش لێرەدا دەشێت وابەستەی بنەمای هەمەجۆر بێت، بۆ نموونە دیدی ئایدیۆلۆژی، هەست و خواست، کۆشان بێت بۆ هاوڕایی یان بۆ ناکۆکی... هتد.

گرینگە مامۆستا «ڕاڤەکردن» لە «ڕوونکردنەوە» جودا بکاتەوە. تێکەڵکردنی ئەم دوو چەمکە لای فێرخواز دیاردەیەکی باوە. ڕاڤەکردن باش یان خراپ ڕێک دێت لەگەڵ داکەوتدا، دەشێت زۆر یان کەم دروست بێت. بەڵام ڕوونکردنەوە پێویستی بە ڕوانگەی باڵاترە. ڕوانگەی جۆراوجۆر دەبنە یاریدەر بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووکاری جودای دیاردەکە. پەیبردن بە جوداوازیی نێوان ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوە بەرۆکگیرییەکی زمانەکی و بیرمەندییە.

لە فێرگەدا مامۆستا دەتوانێت بە داواکاری و پرسیاری جیاواز خەریکی فرواژووتنی ئەم توانستە بێت، توانستی پەنابردنە بەر چەمک و ڕوانگەی فرەجۆر، بۆ نموونە: «ئەمەریکا زلهێزە، فەرموو ڕاڤەی بکە!» دەبینیت فێرخواز هەیە بە هاسانی دەکەوێتە دەربڕین و هەیشە تووشی ڕێبەست دێت. مامۆستا ڕوانگەی دیکە لە باسەکە دەکاتەوە و دەڵێت: دەتوانن ڕوانگەی وەک دەسەڵاتی ئابووری، سەربازی، سیاسی و فەرهەنگی هەڵبژێرن. ئەوجا کارەکە لای زۆربەی فێرخوازان هاسانتر دەبێت. لایان خویا دەبێت کە «هێز» ی نێو زلهێز سەیوانە بۆ چەمکی دیکەی ڕوونتر. نموونەی دیکە بۆ ئاستی زووتر دەشێت لەم ڕەنگە بێت: «گوزەرانی خێزانی سەردەمی ڤایکینگ Vikings ڕاڤە بکە»، پاشان بۆ هاسانکاری ڕوانگەی دیکەی لێ بکەوە: کار، خانووبەرە، خۆراک، پۆشاک، گەمە، باوەڕ... هتد.

گرینگە مامۆستا بەردەوام واتا و سەنگی چەمک وەک دەستاوێژێکی بیرکردنەوە بۆ فێرخوازان ڕاڤە بکات، ئاگاداریان بکاتەوە لەوەی چەمک دەبێتە یاریدەریان بۆ بەخشینی ساختار بە بیرکردنەوە. مەبەست ئەوەیە فێرخواز خۆی پەی بەرێت بە گرینگیی چەمک و بە توانای چەمک لە ساختارڕێژیدا. ڤیگۆتسکی دەڵێت نە ئەندێشە و نە توانستی ئافراندن لە هیچەوە پەیدا نابن، ئەمانە زادەی هەم یادەوەری و ئەزموونی منداڵن، هەم کۆشانی دەوروبەرە بۆ ساختارڕێژیی ئەو یادەوەری و ئەزموونگەلە. کەواتە، ڕێنوێنیی مامۆستا نابنە کۆسپ و خەفێنەری خەیاڵ و ئافراندن لای فێرخواز - وەک ئەوەی لێرەو لەوێ باسی دێت - بەڵکوو ورووژێن و دنەدەرن.

## 10) توانستی ڕوانگەگۆڕکێ لە جێگە و کاتدا

توانستی ڕوانگەگۆڕی گرینگە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت خۆی بخاتە دونیای بەرانبەرەوە، خۆی بخاتە هەم جێ و هەم کاتی ئەو دیاردەیەی پێوەی خەریکە. ئەم ڕوانگەگۆڕییە لە ناخدا کردارێکی ئاوەزمەندی زمانەکییە. مەبەست لە ڕوانگەگۆڕکێ ئەوەیە مرۆڤ توانا بێت - بە ڕێگەیەکی زمانەکی - بچێتە ناخی بەرانبەرەوە بۆ ئەوەی زانیار، هۆش، هەست و بەهاکانی کەسانی بەرانبەر وەربگرێت و دەرک بکات.

لە وانەی مێژوودا بنەمای پتەو هەیە دەڵێت گشت دیاردەیەک، کەس و جڤاکێک، دەبێت لە بەستێنی خۆیدا سەیر بکرێت، کات و جێی خۆی ڕەچاو بکرێت. ئەم هەڵوێستە بۆ خۆ لادانە لە «نەژادیارەتی»[81] و «سەردەمیارەتی».[82] مێژووناس ئەم ڕێچکەیە دەگرێتە بەر بۆ خۆپارێزی لە دیدی ئایدیالیستانەی پێوەرەکی[83] بۆ ڕاڤەکردنی مێژوو. کەسانی سەربە هەردوو ڕشتەی نەژادناسی[84] و مرۆڤناسیی جڤاکی[85] لە توێژینەوەی خۆیاندا، بۆ مەوداگیری لە نەژادیارەتی و سەردەمیارەتی، کاتێکی درێژخایەن لە نێو ئەو جڤاکانەدا بەسەر دەبەن کە مەبەستیانە لێیان بتوێژنەوە. ئەمانە کار لەگەڵ توانستی ڕوانگەگۆڕییدا دەکەن.

فێرگە دەتوانێت بەکارهێنانی ئەم توانستی ڕوانگەگۆڕکێیە بکاتە دەستاوێژێک بۆ گەشەدان بە پەیبردنی قووڵتر، بۆ فراژووتنی کەسەکی. دیدارێکی هەڵبەستە، بەڵام ڕەسەن، لە نێوان فێرخواز و کەسانی سەربە جڤاک و فەرهەنگی دیکەی بیانی دێتە ئاراوە. لێرەدا زەمینە فەراهەم دەبێت بۆ «ناکۆکیی هزری». ئەم ناکۆکییە هزرییە کاتێک پەیدا دەبێت کە فێرخواز بەرکەوتی دەبێت لەگەڵ کەسێکی دیکەی خاوەن ڕوانگەی جودا. کەسێکی خاوەن زانیار، بەها، ئەزموونی کەسەکی، پێوەر و تەرازووی بڕیاردە، کە جودا بن لەوەی فێرخواز خۆی هەیەتی. دیمانەی لەم بابەتە دەشێت ببێتە هاندەرێکی باش بۆ فرەواندنی پەرۆشی و گورجاندنی هەڵچنینی زانیار.

**دەستەی سێهەم: توانستی پەژراندنی چەمکی نوێ**

توانستی پەژراندن و زماناندنی[86] چەمکی نوێ ئاماژەیە بە توانایەکی تایبەت بە مرۆڤ: قووڵبوونەوە و فرەواندنی ئاگایانەی جیهانبینی خۆی. ئەم پێڤاژۆیە زادەی بیر و ئەزموونی هەم خۆیە و هەم ئەو ئاوەزمەندییە مرۆڤایەتی لە ڕەوتی مێژوودا لەو چەمکەدا چاندوویەتی. مرۆڤ - بەمەبەستی خویاکردن و لەویشەوە ڕاهێزانی ساختارەکانی هزر و ئاوەزی خۆی - «پەیڤ» دەکاتە هێمای زمانەکی بۆ چەمک. چەمک لە پەیڤ مەزنترە، چەمک ئاوەزکارە و لە پەیڤدا، لە هێمایەکدا گردبۆتەوە. چەمک، کاتێک لە پەیڤدا دێتە دەربڕین، دەبێتە ئەو دەستاوێژە هەرە گرینگەی بیرکردنەوەی ئاگایانە پەنایان بۆ دەبات. لای مرۆڤی ئاگا، پەیڤ و بیر دەبنە یەک گشتە. ڤیگۆتسکی دەڵێت ئەوە پەیڤە بیرکردنەوەی ئاگایانەی مرۆڤکار بەرشیان دەکات.

فراژووتنی هەم هزری و هەم دانوستێن[87] زۆر زووتر لە فراژووتنی زمانەکی سەرهەڵدەدەن. پیاژێ و ڤیگۆتسکی، هەردووکیان ئاماژە بەم دیاردەیە دەدەن. هەم زارۆکی بچووک و هەم گیاندارە شیردەرەکان توانای بیرکردنەوەی پێشزمانەکییان هەیە و دەروەستی کرداری تاڕادەیەک ئاڵۆزیش دێن. هەم زارۆکی بچووک و هەم گیاندارە

---

81 - نەژادیارەتی: Ethnocentrism، ئێتنۆسەنتریزم، ڕوانگەیەکە تێیدا مرۆڤ فەرهەنگی خۆی دەکاتە پێوەر (نۆرم) بۆ هەڵسەنگاندنی فەرهەنگی دیکە. دژبەری «نەژادیارەتی» دەکاتە چەمکی «فەرهەنگ پەیوەندایەتی» Cultural relativism، ئەمیان ڕوانگەیەکە لایەنی بەرانبەر لە بەستێنی خۆیدا تەماشا دەکات.

82 - سەردەمیارەتی: Chronocentrism، کرۆنۆسەنتریزم، ڕوانگەیەکە تێیدا مرۆڤ سەردەمی خۆی دەکاتە پێوەر (نۆرم) بۆ هەڵسەنگاندنی سەردەمانی دیکە.

83 - پێوەرەکی: normative.

84 - نەژادناسی: Ethnology، ئێتنۆلۆژی، توێژینەوەیە لە مرۆڤگەل وەک بوونەوەری فەرهەنگی لە گرووپدا.

85 - مرۆڤناسیی جڤاکی: Social anthropology، توێژینەوەیە لە مرۆڤ و مرۆڤگەل لە بەستێنی جڤاکیدا.

86 - زماناندن: بەخشینی وشە بە دیاردەیەک، گردکردنەوەی چەمکێک لە پەیڤدا، لە چێوەی زماندا.

87 - دانوستێن: communicative، ئاوڵناوە لە دانوستان.

شیردەرەکان ستراتیژی دانوستانی پێشزمانەکییان هەیە. بەڵام دانوستان لەم ئاستە پێشزمانەکییەدا بۆ گەیاندنی چەمک و بیرۆکەی خۆ نییە، بۆ دەربڕینە لە پێویستیی سۆزەکی و جڤاکی.

جوداوازی مرۆڤ و گیانەوەری دیکەی شیردەر ئەوەیە لای مرۆڤ لە کاتێکی تایبەتدا ئەو دوو فراژووتنەی هزر و دانوستانە بەیەک دەگەن. لەوانە ڕێک ئەم یەکانگیربوونە بێت مرۆڤ دەکاتە مرۆڤ - مرۆڤی ئاوەزمەندی ئاوەزمەند - هۆمۆ سەپییەنز سەپییەنز - *homo sapiens sapiens* – مرۆڤێکی دەزانێت کە دەزانێت. ئێمە نازانین کەی، چۆن و بۆچی ئەم یەکانگیرییە ڕوو دەدات، بەڵام بە دیدی ڤیگۆتسکی ئەم دوو هێڵەی فراژووتن لە تەمەنی دووساڵیدا یەکانگیر دەبن. بەر لەم یەکانگیربوونە، فراژووتنی دانوستێن دەگاتە ئاستی دەربڕین سۆز و هەڤبەندیی جڤاکی. فراژووتنی هزرییش دەگاتە ئاستێک تێیدا ساختاری پێشزمانەکی جۆرە توانستگەلی وەک گشتاندن، دەرهەستاندن و نەخشدۆزی دەئافرێنێت و لەمانەوە توانای سەرەدەرییەکی نائاگایانە لە دەوروبەر، توانایەکی سۆسەگری پەیدا بکات.

لە خاڵیکی فراژووتندا، کە ڤیگۆتسکی بە «وشەی هێماکار» ناودێری دەکات، ئەم دوو هێڵە یەکانگیر دەبن. وشەی هێماکار بزۆزییەکی مەزن دەداتە هەردوو هێڵی فراژووتنی هەم دانوستێن و هەم هزری، کە تازە بوونەتە یەک. ئەو دوو فراژووتنە دەکەونە پیتاندنی یەکدی. ئەمەش دەبێتە سەرشار بۆ ئەو دیاردەیەی بە فراژووتنی بیرمەندانەی مرۆڤ ناودێر کراوە. ژیان و گوزەرانی مرۆڤ چیدی وەک زووتر نامێنێت. لەوەودوا مرۆڤ دەکەوێتە دوو جیهانەوە، یەک ڕاستینەی سروشتکرد و یەک هێماکاری هۆشکرد. مرۆڤ، وەک نیچە Nietzsche دەڵێت، بەندە لە جیهانی هێمادا، جیهانێکی هێما کە بەهێزترین دەستاوێژی داوەتە مرۆڤ: «چەمکی هێماکار - پەیڤ».[88]

توانستی پەژراندنی چەمکی نوێ فرە گرینگە بۆ فراژووتنی توانستەکانی دیکەی بیرکردنەوە. ڤیگۆتسکی بە وردی گیرۆدەبوونی هەم داکەوتی بەرهەست و هەم دەوروبەری فەرهەنگی بە مێژووەوە پێشان دەدات. لەبەر ئەوەیە دەکرێت بیردۆزەکەی بە بیردۆزەیەکی «مێژووکردی فەرهەنگی» ناودێر بکرێت. سیستەمی فێرکاریی ئەم سەردەمە کە بیردۆزەی ڤیگۆتسکی دەکەنە بنەما، زۆر جار جەختیان تەنها لەسەر لایەنی دانوستانە لە بەستێنی جڤاکیدا و پتر باسیان لە کاری گەلدەستی نێو پۆلە.

بەڵام ڕوانگەی «مێژووکرد»ی ڤیگۆتسکی زیادتر باسی لە سەنگی مامۆستایە وەک ڕاگری میراتی زانیار و هەروەها باسی لە بەرکەوتی فێرخوازە لەگەڵ کەسی لە خۆ توانا‌تر. لە زمانی ڤیگۆتسکیدا «چەمکی زانستی» دەکاتەوە ئەو چەمکانەی کە لە دەوروبەر و گوزەرانی ڕۆژانەی زارۆکدا وێنە و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان نییە. واتە چەمکی وەها کە زارۆک زووتر بەرکەوتێکی خۆڕسکی لەگەڵدا نەبووە. بۆ نموونە: کەش، بنەمادده، کانزا، دانوستان، شۆڕش... هتد.

ڤیگۆتسکی دەڵێت گرینگە فێرگە ئاگایانە خەریکی چەمکی زانستی بێت بۆ ئەوەی فێرخواز توانا پەیدا بکات بۆ دیتن، بۆ پەژراندن و بۆ تێهەڵکێشکردنی ئەو بیرۆکە و ئاوەزکارانەی مرۆڤ لە ڕەوتێکی مێژووکرددا لەو چەمکانەی بار کردووە. فێرگە بۆ فێرخواز دەکەوێتە نێوان دوو جیهانی جودا، جیهانێکی بەرهەست و جیهانێکی هزرزای مرۆڤ. لە فێرکاریدا دەبێت ئەوپەڕی توانا بخەینە گەڕ بۆ فەراهەمکردنی زەمینەی لەبار بۆ پێکهاتنی ئەم دوو جیهانە.

«...»

---

[88] Nietzsche (1998).

سەرچاوە

Bernstein (1981): Codes, modalities, and the process of cultural reproduction. Language in Society, volume 10, Issue 3, December 1981, pp. 327-363

Nietzsche (1998): Om historiens nytta och skada. Stockholm: Rabén Prisma.

Vygotsky L (1971). Thought and Language. Cambridge, Mass: MIT Press.

Vygotsky L (1978). Mind in Society. Cambridge, Mass: Harvard University Press.

Vygotsky L (1981). Psykologi och dialektik. Stockholm: Norstedt förlag.

Vygotsky L (1995). Fantasi och kreativitet i barndomen. Göteborg: Daidalos.

Vygotsky L (1999). Tänkande och språk. Göteborg: Daidalos.

https://johankant.wordpress.com/2020/01/18/att-gora-tankandet-synligt-nytt-poddavsnitt/

https://johankant.libsyn.com/website/att-gra-tnkandet-synligt

«»